# ئاواره

گۆڤاری فەرهەنگی ـ کۆمەڵایەتی

ژمارە (٢) زستانی ١٩٩١



ئەنجومەنی فەرهەنگی کورد لە ئاڵمیره

www.arsivakurd.org

( نــاواخـــــن )


| | | |
|---|---|---|
| * ســـەرووتـــار | | ١ |
| * دەقی ووتارەکەی ئەنجومەنی فەرهەنگی کورد لە ئاڵمیرە•کەلە دووی ڕێبەندانی ئـــــەم ساڵدا خویندرایەوە• | | ٣ |
| * نــەتەوە کــەمان بناسین (پاشماوەی ژمارە٢ ) | م•شلماشی | ٦ |
| * هەژاریشـــــمان چـــوو | م•شلماشی | ١٠ |
| * خەبات ؟ | مـاموسـتـا | ١٣ |
| * ڕاپۆرتێك لەسەر کوردستان لە(فۆلکس کرانت) وەرگیراوە• | | ١٦ |
| * ڕاکویژان (پاشماوەی ژمارە ٢ ) | قوتابیەکی هونەر | ١٨ |
| * وەڵامیـــــك بۆ | | ٢٣ |
| * گوڵی کوردستان ( هونراوە ) | مەوجود سامان | ٢٤ |
| * دووی ڕێبەندان | | ٢٦ |
| * گفتۆ گۆیەك | | ٢٨ |
| * یــادی هەڵەبجە | | ٣٠ |
| * خشتەی ووشە یەکتر برەکان | | ٣٢ |


نــاونیشــان


K.C.V.A
Koerdische Culturele-
Vereniging almere
P.B.10278 almere
BANK NR: 321008820


ئـاوارە ، گۆڤاریکی وەرزی سەربەخۆی هەمە چەشنیە• بەرهەمەکانتانیـــــۆ بنێرن•••• ڕەخنەی لێگرن- یـارمەتی بدەن•تاگەشە بکات و زیاتر خزمـەت گوزار بێت•

www.arsivakurd.org

# سەروتار

لەمێژساڵە گەلی‌کورد لەپێناوی مافەرەواکانی‌دا تێ‌دەکۆشێ٠سەرانسەری سەدەی‌بیستەم بە لەخۆبوردوبی وگیانبازی رۆلەکانی ئەمگەلە هەژارە پڕبوەتەوە٠ئەوەی جێگای سەرنج و داخە،ئەوەیە کەتائیستاش بووکی ئاواتی لەئامێز نەگرتوەو مەسەلەکەی هەروا بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە٠بۆنیشاندانی ئەوبارە نالەبارە،گەلێك هۆی نێوخۆیی و لاوەکی باس دەکرێن،کەبەباوەری من گرنگترینیان بریتی‌یە لە:نەبوونی یەکیەتی بەکردەوە لە نێو بالەجیاوازەکانی جولانەوەی‌گەلی‌کورد لەسەرانسەری کوردستاندا٠دیارە شوێنەواری ئەمپرشوبلاویە لەقوناغێکەوە بۆقوناغیکی‌تر بەتەواوی دەگورێ٠جاری‌وایە زەمینەی یەکگرتن لەنێوخۆی کوردستاندا نەبوەو لەمەیدانی نێونەتەوەییش‌دا هەل‌ومەرج بواری نەداوە٠بەتایبەت لەسەردەمی شەری‌سارد لەنێوان شەرق‌وغەرب دا،زۆر جار زەمینەی دووبەرەکی زۆرتر بوو هەتایەکگرتن٠ئەوەش بەدەست جولانەوەی‌کوردستان نەبوو٠دنیا بە دوو بەرەی دژی‌یەك دابەش‌کرابوو؛هەریەکە لەووەلاتانەی کوردستانیان تێداهەڵکەوتوە،لایەنی‌یەکێك لەودوو بەرانەیان دەگرت٠دیارە جولانەوەی گەلی‌کوردیش‌لەووەلاتەدا،بەناچار لایەنی ئەولای دەگرت٠واتە گەلی‌کورد ئازادی ئەوەشی بونەمابووە،کەدۆستی‌خۆی لەمەیدانی نێونەتەوەیی‌دا هەڵبژێرێ٠

لەهەل‌ومەرجی ئێستادا بەخۆشیەوە ئەوکۆسپە نەماوە،دنیا ئاڵ‌وگۆری بەسەرداهاتوە وپەیوەندیەکانی نێونەتەوەیی بەجوریکی‌تر تەنزیم دەکرێن٠ئیستا هەروەلاتەی لەبیری قازانجەکانی خۆی‌دایە،بیری‌قازانجی هاوبەشی بلۆکێك،جێگای‌خۆی داوە بەپەیوەندی‌ئابوری نیوان وەلاتەکانی بلۆکیك،بەلەبەرچاوگرتنی قازانجی هەموو ئەندامەکانی وبەربەرەکانی هاوبەش لەگەل ناوچەکانی تری دنیادا٠لەسەردەمی ئەمرۆدا کێ‌بەرکێ‌ئابوری جیگای شەری‌ئیدەئولوژی گرتوەتەوە٠هیچ‌هیزێك لەجیهانەدا نەماوە،کەبەخاتری مەسەلەیەکی ئینسانی دەست لە قازانجی خۆی هەلگرێ٠ئیستا قازانجی گەلانی‌ژێردەست لەگەل هیچ‌هیزێك هاوبەش نییە٠تەنیا ئەندامەکانی ئەوگەلانەن کەپێکەوە قازانجی هاوبەشیان هەیەو ئەگەربیان‌هەوێ بوونی‌خۆیان بپارێزن‌وبە مافەرەواکانیان بگەن،هیچ‌ریگایەکی تریان نیە غەیری یەکگرتن٠

ئەویاسا سروشتی‌یە زۆرتر لەهەرگەلێك،گەلی‌کورد دەگرێتەوە٠چونکە گەلی‌کورد تەنیاگەلێکی گەورەیە لەدنیادا، کەلە بچوکترین مافەکانی ئینسانی خۆی بێ‌بەشە٠وەك ئینسانی دەرەجەدوو رەفتاری لەگەل دەکرێ‌و ئازادی لێ زەوت کراوە٠بۆ ئەندامەکانی گەلێکی ئەوتۆ یەکنەگرتن هیچ‌مانایەکی نییە٠

زورجار گویمان لێ‌دەبێ کەجیاوازی‌بیروراو هەل‌ومەرجی رێکخراوەسیاسیەکان بوەتە کوسپی ریگای یەکگرتن، کەلانی‌کەم لەهەل‌ومەرجی ئیستاداو لەدەرەوەی وەلات دەتوانین بلێین ئەوە راست نییە٠ریکخراوەسیاسیەکان زۆرچاك دەتوانن لەدەرەوە لەژێرناوی ریکخراوی فەرهەنگی دیموکراتی‌دا پێکەوە هاوکاری بکەن٠جگە لەوەش کوردەکانی دەرەوە بوخویان دەتوانن لەمجورە ریکخراوانەدا یەکبگرن٠

ئێستا کەرۆژهەلاتی‌نێوەراست بوەتە مەیدانی کێ‌بەرکێ هێزەگەورەکانی دنیاو مەسەلەکانی ئەوناوچە سەرنجی تەواوی دنیایان بۆلای‌خۆیان راکێشاوە،جێگای‌خۆیەتی مەسەلەی‌کورد وەك یەکێك لەگرنگترین مەسەلەکانی روژهەلاتی‌نیوەراست،سەرتوپێی باسەکان بێ٠کەچی بەداخێکی گرانەوە،تەنانەت جیگایەکی بچوکیشی بۆخۆی داگیرنەکردووە٠دیارە بەشیکی ئەومەسەلەیە دەگەرێتەوە سەر هەلویستی دوورلەمرۆڤایەتی دەولەتەکان ودام و دەزگاتەبلیغاتیەکانیان٠بەلام نابێ‌ئەوەمان لەبیربچێ کەتاوانی سەرەکی ئەوبێ‌دەنگیە لەسەرمەسەلەی کورد لە پێش هەمووکەس‌دا لەسەرشانی کوردەکان بۆخۆمانە٠هیچ‌کەس لەودنیامادیەدا نابێ چاوەروان بێ خەلکی بۆی لەخۆی دلسوزتربن٠مەسەلەیەکی کوردی‌هەیە دەلێ:تێکوشین بەهەویای جیرانی ووشکە٠

لەکاتیکدا دەیان ریکخراوی‌کوردستانی‌و هەزاران کوردی دانیشتوی دەرەوە،بەدیار قەزاوقەدەرەوە دانیشتون‌و تەکانێك نادەنە خۆیان،بوگلەیی لەخەلك،بکەین٠لەکاتیکدا هیچ خەبەرێك لەخۆپیشاندان و خۆهێنانەگۆری کوردەکان نییە،بوچاوەروان بین خەلکی باسمان بکا٠ئەگەر گەلێکی‌بن‌دەست خاوەنێکی نەبێ لێی بپرسیتەوەو لەکاتی پێویستدا نوینەرایەتی بکا،هەربەجاریك لەبیردەچێتەوە٠بەتایبەت لەناوچەیەکی گرنگو پرتەنگوچەڵەمەی وەك رۆژهەلاتی نیوەراستدا،کەچەندین مەسەلەی چارسەر نەکراوی تێدایە،هەرلەخۆیان دەوی هێندیکیان بن‌گوێ‌کەن٠هەتا مەسەلەکەمتر،ئیمکانی سازش‌وچارەسەر زۆرتر٠

ئەوەخاوەن مەتلەبە کەنابێ رێگابدا مەسەلەکەی لەبیربچیتەوە٠ئەوەخاوەن مافە کەدەبێ بەهەول‌وتیکوشانی‌لە رادەبەدەر،بەدووپات کردنەوەو هێنانەگۆری بەردەوامی مەسەلەکەی خۆی،کاریکی‌ئەتوبکا کەئوتوماتیك بچیتەنێو ئەفکاری خەلکەوە٠دەبێ مەسەلەی‌کورد لەدەرەوە هێندە بهێنریتەگۆری،کەهەرکات باسێك لەروژهەلاتی نێوەراست کرا خودبەخود مەسەلەی‌کوردی تێدا بێتەگۆرێ٠

رەنگەهێندیك کەسی‌دوورەپەرێزو نائومید بلێن هەلسوران‌وهەولدان کەلکی‌نییە؛زورکەس نەزەریان‌وایە کەهیچ ناکرێ،هەتاوەلاتەگەورەکان نەیەنە سەرئەوباوەرەی کەدەبێ شتێك بۆگەلی‌کورد بکەن٠ئەوبوچونە بەتەواوی‌غەلەتە،چونکە وەلاتەگەورەکان قەت لەخۆرا نایەنە سەرئەوباوەرەوەدەردی‌سەری زیادی بۆخۆیان‌زیاد ناکەن٠لەلایەکی‌تریشەوە کوردەکانی دەرەوە تائیستا ئەو بوارەیان تاقی نەکردووەتەوە تابزانین کەلکی دەبێ یان نا. تائیستا خوپیشاندانێکی گەورەی وێکرا لەسەرانسەری دنیا نەکراوە٠جاریك ویکرابەیەکیەتیەوە هەولێك نەدراوە٠دەنا ئیکجار بەمشێوەیە لەسەرمەسەلەی‌کورد،بێدەنگی نەدەکرا٠دەنا تەنانەت بۆدوای شەریش لە دەفتەری باسەکان وەدەر نەدەنرا٠



www.arsivakurd.org

یەکێك لە هەڵە گەورەکانی ئێمە کوردەکان بێ‌سەبرییە لەکاری دیپلوماسی‌دا• پێمان‌وایە هەرهەنگاوێك لەوبارەوە هەڵگیرا، دەبێ لەماوەی دوو ڕۆژاندا ئەنجام بدا بەدەستەوە• کارێك دەکەین و بەدوای دا نایەتەوە• ڕادەوەستین تابزانین ئەنجامی ئەو چدەبێ• خۆپێشاندانێك ڕێکدەخەین، ئیتر بەدوایدا نایەتەوە، پێمان‌وایە بوچەندساڵان بەسە• ئێمە ئێستاش لەخەونی ئەوەدا دەژین کەدنیا ببێتە دنیای فریشتەکانی ڕزگاری و مافەکانمان بو بستێنێ• جارێك مەکوی ئەوفریشتانە لەشەرق دەبینین و جارێك لەغەرب• زەمانێك پێمان‌وابو سوسیالیزم لەدنیادا پیادە دەبێ و مەسەلەکەی ئێمەش لەنێوئەودا چارەسەردەکرێ، ئێستاش لەخەونی ئەوەدا دەژین کەلەپروسەی دیموکراتیزەکردن دائاورێکی خێرخوایانەش لەئێمە بدرێتەوە• تەنانەت هێندێکجار ئەوەندە لەدنیای ڕاستی دوور دەکەوینەوە، کەپێمان‌وایە "نەزمی تازەی دنیا"ی بوشیش، بەرهەمێکی بوئێمە دەبێ• هێدە خوشباوەڕین کەنازانین ئەو دەهولی دیموکراسی‌یە، تەنیا بوپاراستنی قازانجەکانی خویانە•

مەبەست لەو ڕەخنانە هیچ هێزێك یاشەخسێکی تایبەتی نییە، هەموئەوهێزانە یا شەخسانەی لەمەیدانی خەباتی گەلی‌کورددا چالاکبون، کەم یازور ئەوهەلانەیان کردووە• ئەمەش هیچ لەنرخی خەباتی ئەوان کەم ناکاتەوە، چونکە کورد هێندەبێکەسە، مەسەلەکەی ئەوەندە دژوار کراوە، وابەدوژمنان کەمارودراوەوڕێگاچارەی هێندە لی‌ئالوز کراوە، کەمەجبوربێ دەست بوهەر پچکەدەوەنێك بەرێ• بەڵام دەبێ ئاخرەکەی خومان‌لەوە دڵنیا کەین، کەهیچ کەس، ناتوانی بوگەلی‌کورد لەخومان کوردەکان دڵسوزتر بێ• تەنیارێگای سەرکەوتنمان یەکگرتنەو بەس• لەپێناوی یەکگرتن دا پێویستە دەست لەهەمو کێشەلاوەکیەکانی نێوخومان هەڵبگرین• ئەوکاتەیە کەدەتوانین بودوستودوژمن ببینە جێگای سەرنجوباسی چارەسەری مەسەلەکەمان بکری•

هەروەك لەپێشەوە باسکرا، یەکگرتنی گەورەو زورکاریگەر بریتی‌یە لەیەکگرتنی ڕێکخراوەسیاسیەکانی کوردستان، بەڵام ئەوەش بەومانایە نییە کەهەر جورە یەکگرتنێکی تر بێ‌کەلکە• کاری‌دەستەجەمعی هەرخوی لەخویدا سەرکەوتویە، جگەلەوە گەلی‌کورد لەهەرمەیدانێکدا، پێویستی بەیەکگرتن هەیە• هەرنەبێ لێکخربونەوەی ئەنجومەن‌وڕێکخراوەکانی فەرهەنگی دەتوانی کەلێنێك پرکاتەوە• لەهەروڵاتەی کومەڵێك هەبێ کەنوێنەری کوردەکانی دانیشتوی ئەو وەڵاتە بێ‌وکومەڵەکانیش هەموپێکەوە پەیوەندی‌بگرن، بەلکوئەوە ڕێگاخوشکا بوپێکهێنانی ڕێکخراوێکی گەورە لەدەروە کەبتوانی بەهاوکاری لەگەڵ حیزبوڕێکخراوەسیاسیەکان، مەسەلەی کوردبناسێنی ودیفاعی لی‌کا•

بەومەبەستە داوا لەهەمو کومەڵە فەرهەنگیەکانی کوود لەهولەندو وەلاتەکانی دیکە دەکەین نەزەراتی خویان لەوبارەوە بوگوقارەکەمان بنێرن• باهەرنەبێ لەڕێگایەوە برێك لەگەڵ یەکتر بدوێین• گومان‌لەوەدا نییە کە بیرورا گورینەوە قازانجی هەیە•

لانـــی کەم دەتوانین لە سەر یەك ویستی گشتی **یەك** بگرین " هاتنە گوری مەسەلەی کورد لـــە کونفرانسی نێو نەتەوەیی ئاشتی بو ڕوژهەلاتی نێوەڕاست" دا •

چاوەڕوانی هەلویستی کور و کومەلە فەرهەنگی و سیاسیەکانین •

سـەرنوسـەر

## دەقی ووتارەکەی ئەنجومەنی فەرهەنگی کورد لە ئالمیرە • کە لەدووی ڕێبەندانی ئەمسالدا خوێنرایەوە•

K.C.V.A.
Koerdische Culturele Vereniging Almere
Postbus 10278
1301 AE Almere

ئەنجومەنی فەرهەنگی کورد لە ئالمیرە.

خۆشکو برایانی خۆشەویست،

میوانە بەڕێزەکان.

لێک کۆبوینەوە تا بیرەوەری ڕۆژێکی پیرۆز جێژن بگرین •دووی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری میللی دیموکراتی کوردستان • بەو بۆنەوە، پڕبەدڵ پەخێرهاتنتان دەکەین و پیرۆزباییتان لێدەکەین • سوپاستان دەکەین کە بە دەنگی بانگەوازەکەمانەوە هاتون و لە جێژنەکەماندا بەشداری دەکەن.

ڕەنگە بۆهێندێکتان پرسیارێ کە ئێمە بۆچی جێژنی دووی ڕێبەندان دەگرین •لەوانەیە بەباوەڕی هێندیک کەس ئەوجێژنە تەنیا پەیوەندی بەڕێکخراوێکی دیاریکراوەوە هەبێ. بەڵام لەڕاستی دا بۆچونی ئێمە شتێکی دیکەیە• ئێمە پێمان وایە دووی ڕێبەندان جێژنی هەرکوردێکە •ئەو شانازیە پەیوەندی بە هەموو گەلی کوردەوە هەیەو جێگای خۆیەتی وەک جێژنی نەورۆز، بە جێژنێکی نەتەوەیی دابنرێ و هەمووساڵێ یادی بکرێتەوە ئێمە هەرچەند ئەنجومەنێکی بچوکین و دەمەکێکی نووساوی چکۆلەمان هەیە، دیسانیش وەک ئەرکی سەرشان، بەنۆبەی خۆمان ڕێزی دووی ڕێبەندان دەگرین• هیوادارین ببێتە وێنەیەک بۆهەموو ئەنجومەن و ڕێکخراوە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیە سەربەخۆکان•

گرنگی دووی ڕێبەندان بۆگەلی کورد تەنیا لەوەدا نییە کە بۆماوەیەک بە سەر چارەنوسی خۆی دا دەسەڵاتی هەبوە. لە مێژووی هەزاران ساڵەی ئەو گەلە بەشخوراوەدا، زۆر قوناغی وا هەن کە حکومەتی بەهێزتر، پان و بەرینتر و دریژخایەنتریان تێدا دامەزراوە• بۆوێنە دەسەڵاتی کوتیەکان لە هەزارەی دووەمی پێش زایین دا، کوردخوییەکان کە لە کتێبی ئانابازی گزەنەفون دا، ساڵی ٤٠٠ی پێش زایین ناویان هاتووە، ئیمپراتوری ماد، مەڕدوخیەکان (٩٩٠تا١٠٩٦) لەدیاربەکر، حەسنەویەکان لە (٩٥٥تا١٠١٥) وتەنانەت پاش هێرشی مەغولەکانیش ئیمارەتە بەهێزەکانی وەک: سۆران، بۆتان، بابان و ئەردەلان• هەمویان حکومەتی درێژ خایەنترو بەدەسەڵاتتر بوون لە کۆماری میللی دیموکراتی کوردستان لەمەهاباد.

بەڵام گرنگی ئەو کۆمارە لەوە دایە کەگەلی کورد بەشدار بووە لە پێک هێنانی دەسەڵاتی سیاسی دیموکراتیدا•
کۆماری میللی دیموکراتی کوردستان لەئاخری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا دامەزراوە، بەشێوەیەکی پێشکەوتوەوەو بەبانگەوازێکی نەتەوەیی ماف خوازانەوە• ئەوکۆمارە لە سەدەی ڕزگاربونی نەتەوەکانی جیهان دا پێک هاتوە، سەدەی هەڵوەشانی پەیوەندیەکانی ئیستیعماری و دامەزرانی دەسەڵاتەکانی نەتەوەیی سەربەخۆ• لەسەدەی لەقاودانی سیاسەتەکانی ئیمپریالیستی و جیگیربون و پەرەگرتنی دیموکراسی و ئازادی دا• ئەوکۆمارە پاش ئیمزاکرانی پەیمانی ٢٤ی ژوئیەی ١٩٢٣ی لۆزان دامەزراوە• پەیمانێک کەبە بەشکردنی ئیستیعمار و ئیمپریالیزمی جیهانی بۆئەوە داڕێژرا، تاگەلی کورد بۆ هەتا هەتایە بە پارچەکراوی و ژێر دەستەیی بمێنێتەوە• کەچی کۆماری میللی دیموکراتی کوردستان لە پلەی هەوەڵ دا سوێند گرتن بوو لەو پەیمانە ئیستیعماریە و ڕای گەیاند کە گەلی کورد حەقیەتی و لەتوانای دایە دەسەڵاتی سیاسی خۆی بەدەستەوە بگرێ•

کۆماری میللی دیموکراتی کوردستان چۆن دامەزرا و چی بەسەر هات؟

کاتێک شەڕی دووەمی جیهانی دەستی پێکرد. ڕەزاشا سەرنجی خۆی لە ئالمان نزیک کردەوە• پاش ئەوەی لەهاوینی ١٩٤١دا هێرشی ئالمان بۆسەر یەکیەتی سۆڤیەت دەستی پێ کرد. جەبهەیەکی گەورە لە سێ دەوڵەتی ... یەکیەتی سۆڤیەت، ئینگلستان و ئەمریکا دژی ئالمان و ئیتالیا پێکهات• ئەوانە بەوئەنجامە گەیشتن کە ئیران بگرن. باعەسی نفوزی ئالمان لەوێ ببڕن و هەم بتوانن ڕێگایەکی ئەداروکانی بناردنی چەک و تەقەمەنی بۆ یەکیەتی سۆڤیەت• ڕۆژی ٢٥ی

www.arsivakurd.org

نوتی ١٩٢١ لەشکری سوور لە شیمالەوە. ئەمریکاو ئینگلستانیش لە جنوبەوە هاتنە نێو خاکی ئێران. رژێمی دیکتاتۆری رەزاشا نەیتوانی بەرەنگاری بکاو رووخا. کۆنترۆلی جنوبی کوردستان کەوتە دەست ئینگلیس و ئەمریکاو شیمالی کوردستانیش کەوتە دەست یەکێتی سۆڤیەت. ناوەندی کوردستان کە پێشتریش چەندراپەرینێکی تێدا کرابو، ئێستاش نەکەوتبوە بەردەستی هیچ کام لەو دوو بەرەیەوە خەڵکەکەی هەرێمەکەشی لەهەموو کوردستان، بە تایبەتیش لەو ناوچەیە، زوڵم وزۆری لە رادە بەدەریان لە رژێمی پاشایەتی دیبو، پەلاماری بنکە نیزامییەکانیان داو زووربەیان چەك کردن. گەلانی ئێران بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی نەفەسێکی راحەتیان لەدەست رژێمی رەزاشا کێشا. جوولانەوەی سیاسی لەمەوڕ جێگا دەستی پێکرد.

لە کوردستانیش لەرۆژی ٢٥ی خەرمانانی ١٣٢١ واتە ١٦ی سپتامبری ١٩٤٢دا رێکخراوێکی سیاسی بەناوی کۆمەڵەی ژ.ك دامەزرا، کەلە ماوەیەکی کورتدا ناوەندی کوردستانی گرتەوە. پاشان لە٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ دا (١٦ی ئاگوستی ١٩٤٥) هەرلەسەر بناغەی ئەو رێکخراوەیە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دامەزرا. دیارە بەبەرنامەیەکی سیاسیو رێکوپێکترەوە. رێبەری ئەو حیزبە، پێشەوا قازی محمد ئینسانێکی لێزان و دڵسۆز بو. لەهەمەردەفەتێك بۆ بەدەست هێنانی مافەرەواکانی گەلی کورد کەڵکی وەردەگرت. ئەو لەماوەیەکی کورت داتوانی هەوڵێکی زۆر بدا. لەگەل هێزی تازە بەناوی ناوچەو لەگەڵ رێکخراوە دیموکراتییەکانی ئێران بووێنە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان پەیوەندی بگرێ. تەنانەت خەڵکی پشتیوانیشی لەو هێزانە وەرگرتبو، بۆیە بەتەواوی دڵگەرم بو کەلە راگەیاندنی دەسەلاتی سیاسی سەربە خۆی کەمتەکەی دا سەر دەکەوێ. بۆیە پاش ماوەیەکی زۆر کورت، واتە ١٦٠ رۆژ پاش دامەزرانی حیزبی دیموکرات، رۆژی ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ (٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦). لەمەیدانی چوارچرای مهاباد، لەکۆبوونەوەیەکی زۆربەرینی گەلی دا، دامەزرانی کۆماری میللی دیموکراتی کوردستانی راگەیاند.

بەداخێکی گرانەوە تەمەنی ئەو کۆمارە زۆر کورت بو. تەنیا ١١ مانگی خایاند. بەڵام دەبێ بەشانازییەوە بگوترێ لەو ماوە کورتەدا زۆر هەنگاوی مێژوویی گرینگی هەڵێنابوە. کەرووبەیان ئاواتی زۆر لە مێژینەی خەڵکی کوردستان بوون وەك رەسمی بوونی زمانی کوردی. دەرچوونی رۆژنامەو گۆڤارێکی زۆر بەزمانی کوردی، بۆوێنە: (رۆژنامەی کوردستان، گۆڤاری کوردستان. گۆڤاری هاواری نیشتمان. گۆڤاری هاواری کورد. گۆڤاری هەڵاڵە. گۆڤاری گروگاڵی منداڵان) وزۆر کتێبی بە نرخ. دامەزرانی یەکێتی ... ، یەکگرتنی هێزی میللی کوردستان (هێزی پێشمەرگە)، جوولانەوەیەکی بەرچاو لەبواری ئابووریەوە لەکوردستان دا دەستی پێکرد و بۆیەکەمجار کوردستان لەگەڵ بازاری دەرەوە پەیوەندی گرت. ئازادی ... لەناوچەی ژێردەسەلاتی کۆماردا. تەنانەت لەسەرانسەری ئێران دا بێوێنە بوو. جگەلەوە دابینکردنی ئاسایش لەناوچەی ژێر دەسەلاتی کۆماردا جێگای سەرنج بوو، لەکاتێك دا لەزۆربەی وەڵاتدا هەرجومەرج بەتەواوی حاکم بوو. ... تەنانەت ئەوەش گرینگتر ئەوەبو کە گەلی کورد لەو هەل ومەرجەدا بۆیەکەمجار دەسەلاتی سیاسی، دیموکراتی و سەربەخۆیی تێدی شێنابو.

گرینگترین هۆیەکانی نەمانی کۆماری کوردستان دەتوانین بەم جۆرە ناوبەرین:

لەشکری ... گۆڕانی هەل ومەرجی ... سیاسی نێودەوڵەتی بو. ١٨ی بانەمەری ١٣٢٤ (٨ی مەی ١٩٤٦). ئاڵمان بێ مەرج تەسلیم بوو. شەری دووهەمی جیهانی کۆتایی پێ هات. پێشتر لەتاران رۆژی ٩ی سەرماوەزی ١٣٢٢ ستالین، روزفلت و چرچیل بریاردانەکانیان ئیمزا کردبو. کەتێیدا مانگ دوای تەواوبوونی شەر، هەرسێك وڵات خاکی ئێران بەجێ بێڵن. دیارە پاش تەواوبوونی شەر سوپای سۆڤیەت زۆرتر مابوو. بەڵام پاش ئیمزاکردنی پەیمانی هاوبەش لەگەڵ ... ئێران ... لەوحاڵەدا کۆماری کوردستان لە بواری نێونەتەوەیی ... مابوو. ... کۆماری ئازەربایجان تەسلیم بوو. جگەلەوە کۆماری کوردستان ...

لەناوچەیەکی بچوکی کوردستان دەسەلاتی هەبو، هێشتا نەی توانیبو پەرە بگری ودەسەلاتی خۆی لە هەمو کوردستان بەهێز بکا. هێندێك لەسەرۆك عەشیرەتەکانیش بە نهێنی پەیوەندیان هەبو لەگەل دەولەتی ناوەندی. ئەوان لە نێوەرۆکی پێشکەوتن‌خوازانەی کومار دەترسان. لە هەموی ئەوانەش بگەرێینەوە هێندێك باری لاوازو بێ نەزمی رێکەم وورەی بەشێك لە کاربەدەستانی کومار شوێنەواریکی خراپیان هەبو. لەهەموشیان گرنگتر پشتیوانی ئیمپریالیزم لە دەولەتی ناوەندی بەهێز کردنەوەی ئەو دەولەتە لەدژی دەسەلاتی ناوچەیی کەلانی ئێران وهەروەها پشت تێ کردنی دەولەتی سوڤیەت بو بەدەست هێنانی ئیمتیازی نەوت لە ئێران، هەمویان بونە هوی رووخانی کوماری کوردستان.

روژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ (٦ی ژانویەی ١٩٤٧)، بەهاتنی ئەرتەشی دەولەتی ناوەندی بونبو شاری مهاباد چرای هیوای گەلی کورد کوژایەوەوکومارەکەی رووخا. روژی ١٠ی خاکەلیوەی ١٣٢٦ (٣٠ی مارتی ١٩٤٧)، پێشەوا قازی‌محمد، سەیفی‌قازی و سەدری‌قازی لەمەیدانی چوارچرای مهاباد لە سێدارە دران و کوماری کوردستان بە جوانەمەرگی لە خوێن دا شەلال کرا. ئەلام ریشەی لەدلی هەر کوردێکی دلسوز دا داکوتاو بو بە سەرەتای دەست پێکردنی قوناغێکی تازەی خەبات بو رزگاری. قوناغێك کە جولانەوەی گەلی کوردی بەرەو رێرەوێکی سیاسیتر، تەشکیلاتی ترو دیموکراتی‌تر برد.

هیواداریین لە داهاتویەکی نیزیك دا بتوانین جێژنی رزگاری بگرین و جێگای بیرەوەری دووی ریبەندان بگوێزینەوە نێو جەرگەی کوردستان. بەهیوای ئەو روژە. سەرکەوتوبن.

> ئاواره بو هەر نوسراوێکی بەکەلك، باوەش دەکاتەوە. داوا لەخوێنەرانی بەرێز دەکەین بە نوسراوە جوانەکانیان گوڤارەکەمان، دەولەمەند بکەن.

> ئەو نوسینانەی لەژێر ناوی نووسەرەکانیان بلاودەکرێتەوە. رای نوسەرەکە خویەتی. مەرج نیە رای گوڤارەکە بێت.

www.arsivakurd.org

# نەتەوەکەمان بناسین

نەتەوەی کورد و باری مێژوویی بە کورتی :ــ ( پاشماوەی ژمارە "١" ) م • شەلماشی

لەژمارەی پێشودا زۆر بە کورتی چاوێکمان بــــەـ کەورەترین ڕوداوە مێژووییەکانی کوردستان دا خشاند تاسالی ١٨٩٨ ی میلادی • لەبەرئەوە ی ــ هەڵسەنگاندنی مێژوویی نەتەوەیێك هەرگیز لە توانای ووتارێك و تەنانەت کتێبێکدا نییە، نەچـومە نێــو ئەو دەریا کەورەیەوە • ووتارەکە تەنیاو تەنیـــــا باری وەبیر هێنانەوەی ڕووداوەکانی هەیــــــــە• جا ئەگەر قەڵەم بەدەستێکی بە توانا قوڵی لــــێ هەڵماڵێ و یەك بەیەکی ئەو ڕوداوانە شی بکاتـــەوە کارێکی گەورە دەبێت • لەم ژمارەیەشدا هەروەك ــ ڕەوتی پێشوو ، ئاوڕێك لە مێژووی گەلەکەمــــان دەدەینەوە ــ ئەم جارەیان لە دوای سالی ١٨٩٨ وە دەست پێ دەکەین • لە سالی ١٩٠٨ دا ــ کەشۆڕشی تورکیای لاو سەرکەوت ، بلاوی کردەوە. کە قانونی یەکسان بۆ هەموو نەتەوەکانی دانیشتوانی تورکیا پەسەند دەکا • دیارە هەروەکو لە دوایــــی دا دەرکەوت ، مەبەستی کار کێڕانی تورکیای لاو تەنیا فریودانی نەتەوە ژێردە ستەکانی تورکیا بـــوو بەتایبەتی گەلی کورد کەلەو کاتەدا هێزێکی کەورەی نیزامی بە حیساب دەهات و تەنانەت لەنێو ــ ئەفسەرە لاوەکانی سەر بە شۆڕشی تورکیای لاودا ، گەلێك ئەفسەری کوردی هەڵکەوتوو هەبـــــوون زور جێگای سەرنج ڕاکێشانی بەرێوە بەرانــــــــی شورشی تورکیای لاو بوو • ئەوان دەیان هەویست بە نرخی هەر بەڵێنێك بێ ئەو هێزە بـــــــۆلای خۆیان ڕاکێشن و لە کێ بەرەکێی بەدەست هێنانی دەسەلاتدا کەلکی لێوەرکرن • هەروەك لەو کاتێکە شیاندا بەتەواوی سەرکەوتن • بەلامتەنیا سالێکـــــی پێ چوو تا ئەوانیش ڕوی ڕاستەقینەی خـــۆیـــــان دەرخەن • لەسالی ١٩٠٩ دا دیسان لە جاران ــ خراپتر سەرکوت کردنی نەتەوە ژێر دەستەکان دەســـت پێ کردەوە • سالی ١٩١٨ کاتێك لە مودوروس تەقــە وەستاندی کشتی ڕاگەیەنرا ، ئیمپراتوریەتی عوسمانـــــی کەلەشەری یەکەمدا پشتیوانی لە ئەلمانەکان کردبـــــوو ڕووخا • سالی ١٩٢٠ کونگرەی سان ڕیمۆ گیرا • لەو کونکرەیەدا جارێکی تر ناوچەی ڕۆژهەلاتـــــــی نێوەراست مەرزەکانی گۆڕان • عیراق کەوتە بــــــن دەستی ئینتدابی بەریتانی و هەروەها ویلایەتی ــ موسڵیش خرایە سەر کە زوربەی دانیشتوانی کـــورد بوون • بەلام هەر لەو کونگرەیەدا ڕێگا درابوو کە دوو دەوڵەتی کوردی و ئەرمەنی لەو ناوچەیە دامەزرێن کەلە پەیمانی سایکس بیکو دا بو روسیا دانرابــــوو• کە کوردستانی عیراق هەر لەو سەرو بــەندەداشورشی کورد بەسەروکایەتی شیخ مەحمودی نەمر دەستی پــێ کردبوو• ویستی شیخ مەحمود دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لە کوردستانی جنوبی بوو• خەباتی شـــیخ مەحمود دژی ئینگلستان بوو،چونکە ئەوناوچەیە لــە ژێر دەسەلاتی ئەو وەلاتــە ئیستعماریەدا بـــــوو• شورشی شیخ مەحمود ، جولانەوەکانی تری کوردســـتان و هەندێك مەسەلەی نیونەتەوەیی دیکە ، بـــوونە هۆی ئەوەی لە (١٠) ی ئابی ١٩٢٠دا ، لــە پەیمانی سیفر ، بەندی (٣) مادەی (٦٢ــ٦٤) دا ، دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەبەشێکلە کوردســـتان پەسەند بکرێ•

www.arsivakurd.org

کچی قازانجی وەڵاتە گەورەکان جارێکی تر — سەناریۆی تازە دێنێتە کایەوە . ساڵی ١٩٢١ — پەیمانێک لە نێوان تورکیاو فەرەنسەدا دەبەستری و بەپێی ئەو پەیمانە بەشێک لەکوردستان ، واتــە جەزیرە و کورداغ دەخرێتە سەر سوریا کە موستە عمەرەی فەرەنسا بوو. رێگا بۆ دابەش بونی — کوردستان بەوجۆرەی ئێستا هەمە خۆشدە کـرێ. ساڵی ١٩٢٣ شۆرشــی شێخ مەحمود بە ئەو جی خۆی دەگا . شێخ لەقەبی "شای کوردستان" — وەردەگرێ . پەیوەندی لەنێو رێبەرانی ئەو کــاتی کورد بەهێزدەبێ . سمایل خانی سمکو کـــە لەکوردستانی ئێران رێبەری شۆرشێکی بەهێز بــوو ، سەرلەشێخ مەحمود ئەداو بەم جۆرە رێگا بۆپێکهاتنی کوردستانی ئازادو سەربەخۆ هەموارە دەبێ . بــەلام ئیستعماری ئینگلیز کێچی لەکوڵی دەکەوێ و لەترســی کوردستانێکی سەربەخۆ ، دەکەوێتە هەوڵوتەقەلا . لەدژی — شێخ مەحمود شەردەکات . شەرێکی خوێناوی . فرۆکەکانی ئینگلیز شاری سلێمانی بوردومان دەکەن . لەئاخری شەری گەورەی نێوان شێخ مەحمودو — ئینگلیزدا ، لەدەربەندی بازیان ، شێخ مەحمودی نەمر بە بریندار دەگیرێ و دوور دەخرێتــــەوەبۆ هیندوستان. هەرئەو ساڵە واتە ١٩٢٣ پەیمانــی لۆزان دەبەستری لە نێوان حکومەتی کەمالی تورکیا و هێزەکانی هاوپەیماندا ، کەئینگلیز، فەرەنســە ، ئەمریکاو هێندێک وەڵاتی تری ئوروپایی تیدا— بەشدار بوون . ئەو پەیمانە نیوە رۆکی پەیمانــی سیفر دەشواتەوە و کوردستان بەو شێوەیــــەی ئێستا هەمە دابەش دەکا . کوردستان دابــەش کراو بەڵێنەکان ژێرپێ خــران . رێبەرانی کورد بەفێڵ و تەڵەکە شەهید کران وەك(سمکو کـــە لەساڵی ١٩٣٠ لە رێگای شنۆیە لەلایـــەن سەربازانی ئێرانیەوە کەمینی بو دانرا و شەهیدکرا ) یا گیراون رەوانەی سیا چاڵەکان کران. دیارە هیچ کام لەو دەست درێژیانە نەیان توانی گەلـــی کورد بە چۆك دابێنن و دەستی پێ لە خەبـات هەڵگرن. بە پێچەوانەوە هاوکات لەگەڵ زۆرتـــر بوونی دوژمنان و دژوار تر بونی رێگـــــــــای تێکوشان ، گەلی کوردیش هەنگاوی تازەو گونجاوتری هەڵهێناوەوە . خەباتی گەلی بەشکراوی کورد پێی نایە نێو قۆناغێکی تازەوە ، قۆناغی دامەزرانـــدنی رێکخراوی سیاسی .قۆناغی خورێك خستن و نــەزم دان بەخەبات .ساڵی ١٩٢٧کۆمەڵەی خۆیبی بــووون لەکوردستانی تورکیە دامەزرا . هەروەك لەناوەکـــەی دەردەکەوێ ئامانجی ئەو کۆمەڵەیە سەربەخۆیـــــی کوردستان بوو ، لە ماوەیەکی کورتدا توانی لـــە ناوچەیەکی پان و بەرینی کوردستانی تورکیەدا پەرە بگرێ و بەهێز بێ . ئەو کۆمەڵە لە کونگرەیەکدا پێکهات ، کەنوێنەرانی چەندین کۆمەڵەی جیاوازی تێدا بەشدار بوون . کومەڵەی تەعالی کوردستان ،حیزبی میللەتی کورد، کومیتەی ئیستقلالی کوردستان و کومیتە ی ئیجتماعی کوردستان،، لەو کونگرەیەدا بەشداریان کرد. هەولیکی گەورەبوو بو خرکردنەوەی هێزە پرشو بلاوەکانی گەلی کورد . لەو کونگرەیەدا توانرا رێك کەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنرێ و هەموو ئـــەو کۆمەڵ و حیزبانە لەژێرناوی (کۆمەڵەی خۆیی بوون ) دا لێك خرینەوە . کە ئامانجی ئازاد کردنـــــی کوردستان بوو. لە رێبەرایەتی ئەو کۆمەڵەیەدا — ئینسانە هەڵکەوتوو بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمــــە بەشداربوون . جەلادەت بەدرخان ، کامەران بەدر— خان ، سوریا بەدرخان ، قودرەت بـــــەگ ، ئەکرەم بەگ ، جەمیل پاشازادە، نوری پاشا، شاهین— بەگ، حەسەن ئاغای حاجو و عارف بەگ بەشداربوون . ئەو رێکخراوە سیاسیە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا زۆر بەهێز بوو لە ساڵی ١٩٣٠ دا راپەرینی ئاراراتی وەرێ خست . راپەرینی ئارارات زور بەتوندو — خێرایی پەرەی گرت . دەولەتی تورکیە بەجارێـــك لەو هێز گرتنەی راپەرین توقی . تەواوی ئیمکانیا— تی نیزامی خوێ بۆ تەرخان کرد . تەنانەت هەمو هێزی هەوایی خوێ خستە کار بۆ تێکشکاندنی ئەو راپەرینە . لەئەنجامدا راپەرین سەرکوت کــــراو— رێبەرانی ئاوارەی هەندەران بوون یاشەهید کـــران . گەورەترین رێبەری ئەو راپەرینە ، ئیحسان نوری—

www.arsivakurd.org

پاشا رای کرده خاکی ئیران٠ هەتا وەفاتی کرد — لەسالی ١٩٧۶ هەرلەوێ مایەوە٠لەکوردستانی ئیران سالی ١٩٣١ راپەرینێك ســەری‌هەڵدا بە رێبەری جەعفەر سولتان٠ ئەو راپەرینە پاشماوەی‌هێندێـك سەرپێچی سەروك عەشیرەتەکان بوو ، لەدەولەتـی مەرکەزی ، نێوەرۆکی سیاسی زور روونی نەبوو ٠ هەرلەو ســاڵە لەلایەن ئەرتەشی ئیرانەوەسەرکوتکـرا . سالی ١٩٣٣ راپەرینی بارزان‌لە کوردستانی‌عیراق— بەئەوجی خوێ گەیشت٠ ئەو راپەرینە لەراستیـــدا سالی ١٩٣١ دەستی پێکردبوو٠ لەوساڵەدا —.. حکومەتی عیراق بەبەهانەی‌ناکوکی نیوان بارزانیەکان و هەرکیەکان ، هێرشی کردە سەر بارزانیەکـان — دیارە پشتیوانی لە هەرکیەکان لەبەرامبەر بارزانیەکان دا لەبەر ئەوە بوو کە بارزانیەکان وەك کوردیك — خۆیان دێنایە گۆرێ و دەولەت زور چالاك مەبەستی نەهێنی ئەوان ئاگادار بوو٠ هەرچەندە کێشەی — نیوان‌بارزانیەکان و هەرکیەکان لەسەرەتادا لایەنـی مەزهەبی و شیخ گەری هەبوو ، چونکە هەرکیە کان بەسەرۆکایەتی شیخ رەشیدی لۆلان بە بەهانە ی ئەوە شەریان بەشیخ ئەحمەدی بارزان فرۆشت کە گوایە شیخی بارزان بۆتە مەسیحی و لەگەڵ — ئاشوریەکان دەستی تێکەڵ کردووە ٠ دیارە ئـەوە درویە کی بێئەم لاوئەولا بووکەلەلایەن دەولەتـی عێراق و ئاغا ئینگلیزەکانیانەوە بلاوکرابـــــۆ وە٠ تا بەم جورە عەشیرەتە کوردەکان تێك بەردەن و عەشیرەتی بارزان کە بیرو باوەری کوردایەتی لەنێودا بوو ، بە عەشیرەتی هەرکی کەلە باری مەزهەبیەوە زور ووشك بوون ، تەمبێ کەن ٠ هەروەکـــو کاتێکیش کە دیتیان هەرکیەکان نەیان توانی — بارزانیەکان تێك بشکینن ، بۆ خوێ هاتە مەیدان و پایزی ١٩٣١ هێرشی کردە سەر بارزان ٠ بەلام ئەم هیرشە ش بە توندی تێك شکاو ژمارە — یەکی زۆر لەسەربازەکانی عیراقی بەدیل گیـــران٠ دوو مانگ پاش هێرشی یەکەم ، لەنێوەراستـــــی زستاندا هێرشیکی توندو تیژی دیکەیان کــردە

بارزان ، کەئەویش بەتوندی تێك شکا ٠ حکومەتـــی عیراق ناچار بوو تا بەهار چاوەروانی بکا لەبەهاردا دیسان بەدام و دەزگایەکی گەورەی نیزامیەوە و بـە پشتیوانی هیزی هەوایی ئینگلیز هێرشی کردەوە — ناوچەی شیروانی گرت ٠ بارزانیەکان زۆر قارەمانانە شەریان کردو زەربەی زۆریان لە دوژمن دا، بـەلام توانی پیشی پێ بگرن و لە مانگی خاکلێوەدا گوندی — بارزان گیرا ٠ لەگەل ئەوەش شەری پارتیزانـــی هەر درێژەی کێشا، تـابەهوێ کوتنی فروکەیەکی — ئینگلیزی و بەدیل گیرانی سەر نشینەکانی ئـــەو فرۆکەیەوە ، ووت و وێژ لە نێوان بارزانیەکـــان و ئینگلیز دەستی پێ کردو شەر راگیرا ٠ ئاخرە کەشی شیخ ئەحمەد ناچار بە چوارسەد — کەسەوە پەنای بردە بەر تورکیا٠تورکیا ئەوانی بـو مەرزی بولغارستان دورخستەوە ٠ بەلام ســـالی ١٩٣٢ ئازادی کردن ٠ شیخ ئەحمەدو شـــیخ محەممەد صدیق و مەلا مستەفا فەوری گەرانەوە بارزان و شەرێکی پارتیزانی تازەیان دەست پێ کـرد کەلە سالی ١٩٣٣ بە ئەوجی خوێ گەیشـــــت و فشاری بۆ دەولەتی عێراق هینا ٠ ئەو راپەرینـە سالی ١٩٣۴ تێك شکاو براکانی بارزانی بەدیل — گیران ٠ لە سەرەتادا لە ناسریەو پاشان لـــــە سلیمانی زیندانی کران .هاوینی ئەو ساڵە مەلامستەفا لە زیندانی سلیمانی رایکرد ٠ سالی ١٩٣۶ تا ١٩٣٨ راپەرینیکی دیکە لە کوردستانی تورکیـــە لە دەرسیم سەری هەڵدا ٠ دەرسیم هەر لە سالی (١٩٢۵)ەوە یەکێك لە ناوەندەکانی راپەرین لــە تورکیە بوو.سالی ١٩٣٢ قانونێك لە تورکیە دەرچوو کەبەپێی ئەو قانونە دەرسیم بەشێك بوو لە ناوچـەی (۴) ، واتە ناوچەیەکە کە دەبوو بەتەواوی ویـران بکرێ و دانیشتوانـی راگوێزن ٠ سالی ١٩٣۶ — ناوچەی دەرسیم گەمارۆی نیزامی دراو ، فەرمانداری نیزامی ژینەرال (ئالپدوغان) دەستی کرد بـــــە لێدانی رێگای نیزامی و دانانی پادگان و پایگـا لەوناوچەیە ٠ پاشان ئاگاداریەکـی‌بلاوکردەوەکـــــە

کەخەڵکی ناوچە ، چەکەکانیان تەحویل بدەن ـ خەڵکی ناوچەش کە بەباشی ئاگاداربون کەچی ـ بەسەر ناوچەکانی دیکەی کوردستان‌هاتبو، بریار ـ یان دا بەربەرەکانی بکەن . ڕێبەری جوڵانەوە شیخ رەزا ، سەروکی عەشیرەتی"شیخ هەسنان"بوو کە کوریکی بەناوی "برایم" لە گەرانەوە لەووتو ویژیکدا ، بەدەستی هیزەکانی تورک کوژرا . بەهاری ١٩٣٧ شەریکی توند و تیژ دەستی پێکرد . حکومەتی تورکیە ئیمکا ـ ناتێکی یەکجار زۆری نیزامی بۆئەو سەرکوتکردنە تەرخان کردبوو. بەلام خەڵکی ناوچەی دەرسیم هەموو بن بەردیکی ئەوناوچەیان لە دوژمن کردبوو بە ئاگر ، بەربەرەکانیك کەلە دەرسیم کرا لە مێژوی پێشوی کوردستانا وێنەی نەبوو. تەنانەت لەوبەربەرەکانییەدا ژن و منداڵیش بەشدار بوون . دوژمن لە ناکوکی نێوان عەشیرەتە کوردە کان کەڵکی وەرگرتو بە دەستی خائینێك کە برازای شێخ رەزا بوو ـ بەناوی (رەهبەر) یەکێك لە گەورەترین ڕیبەرانی جوڵانەوەی بەناوی (عەلی‌شێر) کوشت . عەلی شێر سیاسی ، ئەدیب شاعیرو مەغزی نیزامی جوڵانەوە بوو.دیسان شەر درێژەی هەر کێشا تالە ئاخریهاوین دا سەید رەزا بەدیل گیرا . ئیستاش شێوەی بەدیل گیرانەکەی نادیارە . هەر ئەو ساڵە لەمانگی خەزەڵوەر سەید رەزا لەگەڵ پێنج نەفەری دیکە لە سەروك عەشیرەتەکان لە سێدارە دران .دیسانیش شەرهەر درێژەی ـ هەبوو تاساڵی ١٩٣٨ ، تا خەڵکی ناوچەکە ـ چەك و ئازوقەیان تەواو بوو.

کوشتاری دەستە جەمعی بە شێوەیەکی زور فەجیع لەلایەن هێزەکانی تورکەوە دەستی پێ کرد.زیاتر لە(٥٠٠٠) کەس ژن و کچی لاو خۆیان لە چۆمی (مونزور) هاویشت تا سەربازانی تورك تەجاوزیان پێ نەکەن . بەگشتی زیاتر لە(٤٠) ـ هەزار کەس لەگەلی کورد لەو ناوچەیەدا کوژران و بەم جۆرە جوڵانەوەی دەرسیم سەرکوت کرا.
جنایەتی سەربازانی تورك پاش تێك شکانی جوڵانەوە لەدنیادا بێ وێنە بوو.خەڵکی ناوچەی دەرسیمیان بە ووردو درشتەوە لە ئەشکەوتەکان دا زیندانی کرد. پاشان رێگای هەڵاتنیان لێ گرتن . بەشی هەرە زۆریان بە زیندویی سوتاند ، تەواوی ئەو دارستانەی کە خەلك پەنای بۆ بردبوون ، بەخەلکە کەوە سوتانیان . بۆ ئەوەی چوار چێوەی جینایە ـ تەکان دەرنەکەوێ ، حکومەتی تورکیە تاساڵی ١٩٥٠ لە سەرانسەری کوردستان حکومەتی نیزامی درێژەدا ـ بۆ خارجیان هەتا ساڵی ١٩٦٥ چوون بۆ کوردستان قەدەغە بوو . حکومەتی تورکیە بە ـ شێوەیەك وە حشیانە لەگەل کورد رەفتاری کردووە کە بە پێی هەڵسەنگاندنی حیزبی کومونیستی تورکیە لە ساڵی (١٩٢٥)ە وە تا ساڵی ـ (١٩٣٨) نزیکەی یەك ملیون و نیو کورد کوژراون یا زیندانی و تەبعید کراون .......

ماویەتی

www.arsivakurd.org

# هەژاریشمان چوو

م • شەلماشی

دیسان گێژەڵوکەی نەگبەت لە کوردستانەوە هەڵی کرد و هەواڵێکی دڵتەزێنی بەبن گوێدا داین • هەواڵی کۆچیدوایی هەستیار ( شاعیر ) زمانەوان ، کوردی زان ، نوسەرو زانای گەورەی کورد — مامۆستا هەژار • ئەمجاریش گەلی کورد لە کۆستی لەدەست چوونی سەرمایەیەکی گەورەی نەتەوەیی کەوت • هەژارێکی مێشك دەوڵەمەندی لەدەست دا • گەنجینەیەکی هونەرو فەرهەنگ ، زمان و وێژەی لە گۆمی بێ بن کەوت • هەژار لە خۆی نەمرد • کەسانی وەك ئەو لە سەرچاوەی زوڵاڵی ئەمەدا شەربەتی نەمریان خواردۆتەوە • ناویان لە لاپەرەکانی مێژووی — گەلەکەیاندا زیندووە • مانی ئەوان لەمەریای بێ بنی هونەردا جێگیرە • هەروەك ژیانیشیان تەنیا لەو چوار چێوەیەدا واتایەکی هەبوو • بەڵام لە گەلەکەیان مردوون • هەژاریش لە گەلی کورد مرد • چونکە لەوڕۆ بەدواوە نەمامی بەرهەمەکانی چرۆ ناکات. چرۆی ( هەژاربۆ کورد— ستان ) وشك دەبێ. "هەمبانە بۆرینە" تێشووی لێ‌دەبڕێ • ( شەرەفنامە ) هەژار نامەی بەدواوا نایە • " بەرەو موکریان" مەخسەدی خۆی دەگۆڕێ و بەرەو هەواری نادیار ، بەرەو هێمن ئەسپی خۆی دەتاژوێ • ئیتر وەرگێڕی — ( مەموزین ، خەیام ، مەلای جەزیری و قانونی بوعەلی سینا ) میکروفونی داناوە هەزاران — گەنجینەی بە توانا بۆ وەرگێڕێکی ئاوا داماوە • گەلی کورد بەلەدەستدانی هەژار لە دووریگاوە زیانی دیوە • هەم هەستیارو نوسەرێکی گەورەی لەدەست داوە ، هەم خەباتگێڕێکی پشو درێژی بەناکامی سەری ناوەتەوە • خەباتگێڕێك کە بەدرێژای تەمەنی خۆی ووشەی پیرۆزی کوردیکردە چرای رێگای خۆی لەگەڵ کاروانی تێکۆشانـدا هاوریێکرد • خۆشیەکانی ژیانی بەتیکرایی — وەلا ناو دوارۆژەکانی تەمەنی پڕلەبەهرە، بەلام بێ بەهرە لەژیان ، خزمەتی بەگەلەکەی کرد • تەمەنی هەژار بەکورتی برایەوە ، بەلام بۆگەلی خۆی زۆر دوورو درێژ کاری کرد • هەر ئەو تەمەنە کورتە ریگایەکی درێژی بری • رێگایەکی پڕ هەورازو نشێو ، پڕ تەنگوچەڵەمەو پەرکەوتنو هەڵسانەوە • هەژار وەختێکی زور کەمی بۆ حەسانەوە بەهرە وەرگرتن لە ژیانی شەخسی تەرخان کـرد •

لەزمانی خودی خۆیەوە دەبیسین کە هەژاری — مەزن ژیانی نەدیوە • ئاوارەیی بێ ماڵ و حاڵی لەپێناوی ئامانجی پیرۆزو لەپێناوی‌خزمەت بە زمان و کەلەپوری کوردیدا ، مودایەکی تایبەتی بو ژیانی نەهێشتووە • هەژار بۆ خۆی لە ووتو— وێژێکدا ، بەگێڕانەوەی نەزیلەیێك لەو بارە وە — بۆمان روون دەکاتەوە :—

( کابرایەکی عەرەب بەناوی جەبر رێگەی کەوتە — شارێك • رۆیشتە قەبرسان ، دیتی لەسەر قەبرە— کان ماوەی تەمەنی مردوە کان نوسراوە ، بەلام هیچی درێژی تەمەنی ناگاتە دوو ساڵ • نوسراوە سێ مانگ ، شەش مانگ ، ساڵێك و شتیوا — پیی سەیر بوو • قەبری تەواو درێژ • دیارە پیاوی تەواو گەورەی تیدا نێژراوە • ئەدی چۆن تەمەنیان واکەم نوسراوە ! گەڕاوە شارو لە — پیاوێکی وێچوی پرسی ، ئەوە بۆ وایە • کابرا گووتی :— " لەشاری ئێمە هەرکەس دێتە سەرەمەرگ لێی دەپرسین چەندت بەخۆشی — رابواردووە • ئەویش دەڵێ دوو مانگ ، شەش مانگ . ئێمەش هەر ئەوەی بۆ بەتەمەن حیساب دەکەین • ئەوی دیکە بۆ عومرە ! عومر ئەوەندەیە کە بەخۆشی رادەبوێرێ ! " "

جەبر فکری کردەوە گووتی :—

www.arsivakurd.org

"ده توخوا ئەگەر من مردم لەسەر کێلـــــــی
قەبرەکەم بنوسن ئەوە قەبری جابری کوری —
عەبدوڵلایە کەلەزگی دایکیەوە کەوتوتەوە نێو قەبـر ،
ئاخر لەژیانمدا قەت دەقیقەیەک خۆشیم نەدیـوە"
ژیانی منیش هەروەک جەبر بووە ) .
هێمن گوتەنی :ـ " شاعیری سەر بەنەتەوە بێ
بەش و زۆر لێکراوەکان بەختەوەر و کامروا نابن"
گەلەکەیان بەگشتی لەبێ بەشیدا دەژی .
دیارە ئەوانیش وەکو ئینسانی بەهەست فشارێکی
تایبەتیشیان لەسەرە . فشاری هەست بەبەر —
پرسی کردن . فشاری وەلاتانی قازانجی
تایبەتی و خەبات بۆ وەدیهێنانی مافە رەواکانی
گشتی . هەژاریشمان سەری نایەوە . بێ ئەوەی
ئاواتەکانی بە چاو ببینێ . چوار قورنـــــەی
کوردستانی بە پێیان پێوا و ئاخری رۆژێک
نەیتوانی تێیدا بحەوێتەوە .
" کوردستانی ئازاد" ویستی زیاتر لـــــــە
٢٥ ملیون ئینسان . ئیدە ئالی دەیـــــان
هەزار رووحی گەورەی شەهید و پێشمەرگەی —
تیکۆشەر، لوتکەی ئامانجی دەیان بلیمەتی وەک —
هەژار، دیسانیش لە سنگی ئەویندارێکی خۆی دا
بەرەو گۆری تەنگ و تاریک شۆڕبۆوە . داخـوا
کەنگێ ئەو ئاواتە پیرۆزە بێتەدی . لەگـــەڵ
توانەوەی شیخە سۆڵەکان لە ساردو سڕی بەکوێ،
گەرم بێتەوەو بەنێو دڵۆپی ئاوەکاندا بەناخی زەوی
کورستاندا بچێتە خوارێ ، بەڵکو چەند دڵـۆ—
پێکیش بەرگۆڕی هەژارەکان کەوێ و رۆحیان شاد
کا . داخوا کەنگێ هەژاری مەزن گوتەنی
مـزگێنی بدرێ کـه :ـ

" مزگێنی دا بە سروە بای بە هاری
وا هاتوە نەورۆزی کــــــوردەواری
بە تیشکە تیلک شکا سوپای کـــــرێوە
هـــەواری رۆژ گەیشتە خاکە لیـــــوە
فەرمان درا بە سەوزە سەر هەڵینــــی
چیدی لە بەندی خاکی رەش نەمینێ
بادەرکەون گوڵ و کەسەر بنیـــــــژن
بارۆژی رزگاری بکەن بە جیـــــــژن
شەماڵ گەواڵ گەواڵ هەور بنێـــــرێ
ئاهەنگ و بەزمی جەژنی پێبسپێرێ"

کەی گەلە بەش خوراوەکەمان بەئاواتی خۆی دەگــا
،تاروحی ئەویندارێ وەک هەژاریش شـادکـــــــا .
ئەویندارێک کە هەر بە زیندویی دەی کـــــــووت

هۆلەرمن لە دوری تۆ هەژارو دامـــــاو
دەروانەمەریکەکەت بە جاوی پر ئـــــــاو
بەشەم هەتا لەشم لە تووە دووره
هەنیسک و هەلمزینی ئەشکیـــووره
خشڵی گوڵان بەژن نەمامی چاوکــــــاڵ
وەرە دەرمەخە لەو ژیانی واتـــــــــاڵ
من بولبولم لە ناڵەدا بەزانـــــدن
گەرم و گوری دڵم دڵی تەزانـــــدن
بەگەیە ، خۆ بنوێنە ، دڵ بستێنـــه
بازاری گەرمی نازی گوڵ بشکێــــــنه "

هەژاری مەزن تو دوای هێمن هەر تۆزقاڵێــک
، تەنانەت تۆزقاڵێک دڵت بەو دنیایە خۆش —
نەبوو. تۆ لە مردن نەدەترسای هیچ ، بەڵکوبە
هیچت دادەنا . تو ئیرویت بە هێمن دەبـرد
کەخۆی پێش داوەو لە کاروان بەجێی هێشـتوی
. کاروانێک کە دورت دەخاتەوە لە ئازاری گیان
و لەش ، ئازارێک کە داگیرکەرانی نیشتمانەکـەت
بۆیان بەرهەم هێناویت و تا خوێن لەلەشتـا
گەرابا ، دەبو بی جێژی . بەلام بەکۆچـــی
دوایت ، لەو ئا زارە رزگارت بوو .روحیشت
هەر زیندو ماوە . لەدڵی ملیونان کوردی —
چەوساوەدا . تۆ بۆ هێمن شینت گێرا شینـی
برا بۆ برا ، شینی هاورێ بۆ هاورێ و شینی هاوالی
گیانی بەگیانی بو هاوالی گیانی بەگیانی . بەلام
چ شینێک ، مەگەر هەر قەڵەمی تۆ ئەوتوانایەی بوو—
بی . رەنگە ئیرویت بە هێمـن بەشێکیش لەبەر
ئەوە بوبێ ، ئە و زوتر رویشتو تۆ شینت بـــو
گێرا . ئەگەر تو سە فەرت پێش خستبا ، ئـەو

www.arsivakurd.org

شینی بۆ تۆ دەگێرا • ئێستا کێ هەیە بتوانێ
جێگای ئەو دووانەتان بگرێتەوە.کێ هەیە شینی
ئاوات بۆ بگێرێ :ـ

کاك هێمـن برای شـبرینـم
چاوان دەگێرم ، نات بینـم
زل کوێران دەڵێن مـردوە
کۆچی یەکجاریت کـردوە
دڵەی پڕ کوڵی هـەژارم
گیانی بێ ئوقرەو قـەرارم
بە مەرگی تۆ باوەڕ ناکـا
چۆن بێ منی لەتوێی خاکـا
تۆ بیك هۆگری مندالیـم
هاو شلکی و هاو کرچ و کالیـم
هەمدەمی دەمانی لاویـم
تەواو کاری ناتەواویـم
هاو هەنگاو لەرێی خەباتـا
هاوبەش لە هاتو نە هاتـا
هەواڵ ، دڵداری کوردستـان
هاو پێشمەرگەی زێد پەرستـان
هاو سرود خوێن بۆ ئـازادی
بۆ ڕزگار بوون لە بێـدادی
هاو سەنگەر دژی داگیر کـەر
ناموی خوێن مژی سەرەخـەر
هاوقەتار لە دەربـەدەری
بە هەژاری و خاکە سـەری
هاو قەڵەم ، هاوبیرو هاو هەسـت
هاو زمان ، هاودڵ و هاو دەسـت
هەریەکێ بو هەژار ، هێمـن
منیش هەر تۆ بوم ، تۆش هەر من
روحێك بوین دابەش لـە دو لـەش
دو لەشی ماندوی بەخـت رەش
پەیمان بو، بەجێم نەهێڵـی
ویلم نەکەی لەشوێن خێڵـی
باری خەم وێکـرا هەڵ بگریـن
دوا جاریش پێکەوە بمـریـن
تۆی کوردی وا خاوەن بەڵێـن
چی تۆی کردە پەیمان شـکێـن
گەوی بەین و بەقات هەڵ بـوارد
خۆت بە ئاسودەیی ئەسـپارد
لاباری خەم خـواریـت لادا
ئەویشت بە مل مـن دادا
جارێ بوی لە دنیای بێ فـەر
دنیای پڕ لە دەزبری و گـەر
دنیای بازاڕی نـامـەردان
دنیای خەم و کوڵ و دەردان
خەلەتی لەدەم هارو مـار
تەکیەوە.. لەو ژینی گەمـار
ژیانی پڕ ژانی بێ دەرمـان
گەیشتیە هەواری هەر مـان
بۆ ئەو کۆچەی بێ من کـردت
ئەو بەشە خۆشیەی تۆ بـردت
زامی گیان و دڵ پڕ سـویـە
شین بۆ خۆمە نەك بـۆتۆیـە
خوزگە بەر لەتو دەمـردم
تۆ شیوەنت بۆ دەکـردم
دور لە تو دڵ گۆمی خوێنـم
بە گازندەوە دەت دوێنـم
منیش وەك تۆ قەڵەم لە ژیـان
بۆچت جێ هێشتم ؟ هێمـن گیان

مامۆستای گەورە ، ئیمە مانان ناتوانین ئەو ـ شینە بکەین ، کە تۆ بۆ هێمنت کـرد ، بابە قەولی خۆت پاش ئەو بۆ خۆت کـرد . ئەمەی لەدەست ئێمە بێت ئەوەیە کە تا دوا ـ هەناسە ، تا ئەو کاتەی بەرەو کاروانی ئێـوە کۆچ دەکەین ، لە دڵماندا بیت • ئامۆژگاریەکانت لە گوێ بگرین • بەپێی توانا بۆ ئاماجەکانت هەوڵ بدەین • بەڵکو ئاخرەکەی ئەو ـ هەورازە دژوارو پڕ کەندو کۆسپە ببڕوین و بـە لوتکەی ئاوات بگەین • کە دڵنیاین تۆشو ـ هێمنیش و هەژاران ناکامی تریش بەوە روحیـان شـاد دەبێ .

*****************************

www.arsivakurd.org

# خەبات...

گەلی کورد نەتەوەیەکی جیاوازلە هەموونەتەوەکانی-
دیکەی ولاتەکانی دەوروبەری، زمان‌وکولتوروروالەتو
شێوەیەکی تایبەتی خۆی‌هەیە. خاوەن‌رەسەنێکی جیا
وازە و زیاتر لەدووهەزار سال پێش لەدایک
بوونی عیسا لە سەر ئەو نیشتمانەی خۆی
"کوردستان" ژیاوە و نیشتەجێ بووە هەرگیزلەنێو
فارس یا عەرەب یا تورک نەتواوەتەوە.
دژی ئەو دەسەلات خوازانە راوەستاوە ، ئەو
خەباتە خوێناویەی رابوردوی ئەونەتەوەیە
شاهیدی ئەوراستیەن. گەلی کورد لە ریگای
خەباتی خۆی‌بو رزگاری زۆری فیداکاری کردووە،
خوێنی داوەو رەنجی‌کێشاوە‌رابوردوی گەلی کورد
پرلەکەندو کوسپ و خوێناویە،کە کۆلی دلی
هەزاران دلی پر لە گولی هیوای ئازادیو رزگاری
گەل ، بە دەستی داگیرکەران ئەنجن ئەنجن
کراوە و خوێنی گەشی لەشی بەشی زوری شورش-
گیرانی ئازا و بە شەرەفی ئەرکەلە بەناهەق
ریژاوە و هەزاران منالو پیاو
ژنی لە گوشە و قوژبنی نیشتمانەکەی بە دەستی
دوژمنانی قەلاچۆ و دەرکراون و مالیان روخاوە.
ئەگەر باسی ئاهو نالەو بێخانومانیو مال
ویرانیشی نەکەین ، هەر فوارەی خوێنی
رژاوی شەهیدانی کوردستان ئەگەر لیەک کاتو
زەمان بیا بە هەلمەو هەور و بوخار، ئەبوە بە
چەمیکی‌پیڕن بوارو هەموو دەشتو چەمەنو خرو
چرو دارو دەوەنی‌کوردستانی سور دەکرد.
لەزۆر شوێنی کۆمی خوێنی رابوردوانی کوردستان
بە چاو دەبینرا. بە داخەوە گەلی کورد
لەگەل ئەوەی بۆ ئازادی خەباتی کردووە ،
زەحمەتی کێشاوەو خوێنی داوە . هێشتا هەتاوی

**ماموستا**

بەتاوی ئازادی لەسەر ئاسوێ ئاواتی ئەو گەلە
وەدەر نەکەوتووە، ژێر دەسەلات ماوەتەوە و سەر
نەکەوتووە . بەسەرهاتی نەهاتی و دەورانی لیبرانی
قالهوی ، ئیستاش بە داری زور داری دەقوزریتەوە
خەباتی رزگاری خوازی گەلی کورد بە هۆی -
لێکپچراوی و بەش بەش کراوی کوردستان بەسەر
پینج دەولەتی گەورەی تورکیا و عیراق و سوریە و
ئیران و شورەوی داهاسان نیە و گەلێک دژوارە .
بونی بەرهە موو سامانە سروشتیەکان لە کوردستانا
داگیرکەران هان دەدا زیاتر و محکەمتر دەسەلاتند
زورداریەکەی خۆیان بە سەر کوردستاندا بسەپێنن
.ئەوەش خەباتی گەلی کورد لەوەش زیاتر دژوارەکا.
هەندیك لە و رژیمانە بۆ دریژە دانی دەسەلاتی
زور داری خۆیان ، لە بەرابەر هەستی -
ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە هیچ جنایەتیك دریخی
ناکەن . هەموو ناپیاوییك یا فیلوتەلەکەیەك لە
بارەی ئەو گەلە دەکەن . بگرە لە کوشتاری پیرو
ژنو منالوجوانو چەکدارو بێچەك هەتاەالسوتاندن -
و لەسەر جێ هەلکەندنو کردنی کورد بە عەرەب و
ترك و فارس و ....
رژیمی تورکیە کوردە کانی ژێر دەسەلاتی خۆی لە
تورکیە بە کورد حیساب نەکردووەو حاشای لە بوونی
کوردە . هەتا ئەو سالیش دانی بە بوونی کورد
لەتورکیەدا نەناوە،هەر هەستێکی ئازادی خوازی ،
بە زیندانو ئیعدامو بومبابارانو مالویرانکردنو کواستنەوە
دامرکانوتەوە. سوریەش بو کوردەکانی ژێر دەسەلاتی
بە شی لەوانیکەباشتر نیە ، ئیجازە نادا بەزمانی
خۆیان بخوێنن ، دەبێ پێناسەی عەرەبیان هەبێ
تا لە نێو عەرەبدا بتوینەوە ببن بە عەرەب .
لە شورەویش کوردەکان زۆر باش نین و هەتا

www.arsivakurd.org

ئەوانیش لە ژێر سێبەری عەدالەتی کومونیـــــــزم نەحەساونەتەوە هیچ نەوعە خودمختاریەکیان نە — داونەتێ ، بێجگە لەوەش ستالین وای دابەش — دابەشکردون کەناتۆنن لەگەل یەکتر پەیوەندیان هەبێ ، زۆر زەحمەتە بتوانن یەکتر بگرنـــەوە ، کومونیستەکانیش کەزیاتر لە (٧٠) سالەدەیان ویست کومونیستیەت بو ولاتەکانی دیکە سادربکەن ، بو کورد بێجگە لە یەکجار هیچ کارێکیان نــە کردووە ، ئەو جارەش ، وەك:ـــ خەلاتی برایم ئاغـا زوو لێی پەشیمان بونەوە ، چرایەك کە بو روناکی کوردستان هەڵکرا ، بی کومەك مـاوەو کوژایەوە و کۆماری کوردستان بو یەکیتی سۆڤیـەت بە قازانج نەزانراو پشتوانی لێبرایەوە .

لە عیراقیش کوشتنی بە دەستەجەمعی کوردەکانـی وێ و بە بلدوزەر لەژێرخاکردنیان یا بە بومبـی شیمیاوی بەپینج دەقیقە پینج هەزار خەلکـــی بی گوناهی هەلەبجە بکوژریت یا هەموو پیاوەکا— نی چەند ئوردوگای کوردە ئاوارە مال سوتاوەکـان لە جێوە بگیرینو بکوژرین و بێشوینبن . بۆ رژیمی عیراق شتێکی ئاساییەو رەوایـــــــە .

بو ئێرانیش کوشتنو قەلاچۆی خەلکی کوردستـان ، شکەنجە و ئیعدام فەرمانی خودایـــــــە . (قاتلوا المشرکین کافە) ئەو کوردە کافرانـــە بە کومەلیش بکوژرین خێرە ، خێریش یـــەك بە هەزارە . جائەگەر هەزار کوردهەزار کوری بی گوناهە بکوژرێن بە ومانایە یەك ملیون خیر و سەوابیان بە نسیب دەبی ، کلیلی بەهەشتیان لە ریوە پیدەدرێ ، جائەگەر بەهەشت وا بـــە هاسانی و بەکوشتنی ژنو منالی بێدەسەلاتـــی کورد وەگیر کەوێ چە لەوە باشتر و هاسان و بێ زەحمەترە .

ئیمامی خوێن : خومەینیش ئەگەر فەرمانی جیهادی بەدژی کوردستانداو هەزاران کەسی بێ گونـاهـی لە ژنو منال را هەتا پیرەکان و پەککەوتوەکان لــە لە شارو دێیەکانی کوردستان قەلاجوکـران ، ئە وە بەو فەرمانەی خێرو سەوابێکی زۆر گەورەی — کردووە. بە کوشتنی نزیکەی ۴۵ هەزار کەس خـەلکی بێ دیفاعیکوردوستان وەگیرکەوتووە رێگای بەهەشتـی لەسەر خوی و پاسدارە. بەشدارەکان ئاوالە کردووە .

هەر ئەگەر مردن و چاویان لێك نا کەلاکەکەیـــان ناگـاتە قەبرو روحی پاکیان لەسەر دارەکانی بەهەشت سەیران دەکەن. سەر بە سەر حەوزی کوســـەر داگرن و شەرابی نایابی سور بە وێنەی خوین ، دەخونەوە . بەلی شەرابی بەلەزەتو خوش ئەنۆشن کە بەرهەمی رژانی خوێنی سوری گەلی کوردە و ئیمـــەلم بوێ حەلال کردوون. ( هەرگەلێك بوخوێ سەمبولیکی هەیە :ـــ سەمبولیکورد ئازادیە. خوین سەمبولیشیعەیە)

ئێمە ئەگەر لیکدانەوەیك سەبارەت بەو رژیمانە بکەیـــن دینە سەر ئەو باوەرە ، کە هەر وەکو لەماوەی سالهای سال نەکراوە ، گەلی کورد لەگەل ئەو رژیمانــــە بە ئاسودەی بژیت و لەژێر سیبەری ئەوانە نانێکـــی بە ئاسودەییان نەخواردووە ، چون لەوە بروا دەکری ئەوانە ببن بە دیموکراتێکی وا کوردەکان بەخوشیەوەلە سەر سفرەی عەدالەتی وان ببوژینەوە . خوابکات — فکریکی وا بێتە دیوو خەیال پلاو نەبێت .

لە دەست پێکردنی چوسانەوەی گەلی کورد هەتائیستە زۆر جار ئەو رژیمانە گوراونو نەسلەکانی پیریان — رویشتونو نەسلی جوانانیشیان لە جێ دانیشتـــون ، بەلام هەموو ئەو رژێمانە لە هەردورو زەمانێك لە هەر تەغیر و گورانێك ،لە سەر ئەو باوەرە پێیان داگرتووە ، عەزمیان جەزم کردووە کە کورد هەر لە ژێر دەسەلاتـی بمێنیتەوە و حەولیشیان داوە کورد بتوێننەوە .

ئایا رۆژێك دێت کە ئەو رژیمانە بێنە سەر ئە باوەر و ئیمانە کە کوردیش وەکو وان لە هەموو مافیکـــــی ئینسانی بە شداربێت ؟.

ئایا لە هەر داهاتویەکدا کوردەکانی ئەو پێنج پاچانـــە هەر لە کەمایەتیدا بن ؟.

ئەگەر کورد لە زوریەتدا نەبێت و لە کەمیەتدا بێت — زوریەتەکان دەبن بە پیغەمبەرو ئەوەی بۆ خویان دەوێ بۆ کوردیشیان دەوێت ؟.

ئایا ئەوانەی لەماوەی سەدان سال دا راوی کوردیـان کردووە و باویشیان بێت دەست لە راو هەلدەگرن و

www.arsivakurd.org

گورگو مەڕ ویکرا ئاو دەخونەوە ، مشـــــــــــــك
و پشیله ویکرا دەحاوینەوە؟ ٠
ئایا وە کو ووتمان ئەوان زوریەتن ، ئەگەر
دیمکراتیشبن ئیمە بە کەمیەتی خومان هەر وەدولی
وان ناکەوین ؟ ٠
ئایا هەلدەکەوی تارانیك و ئالانیك هەقی بەرا ــ
بەریان هەبی یا بغدابیك لە گەل دیهاتیك
وەك یەك چاو لیدەکری ؟ ٠ ئەگەر ئەوانە وابن
ئەوکاتە ئیمەی کورد چەند ولات دەبین ؟ ٠
ئەگەر بلیی ئەوکات کورد لەپینج ولات دەژیت
باشتر نیە هەموو هەول وتەقەلایەکمان بـــــو ــ
یەکیەتی بیت ؟ ٠ ئە گەر لە هەربەشەی نەفەریکی
دلسوزو شورشگیر بیت و ببن بە پینــــــــــــج
کەسی هاوکارو هاو بیر و شورشگیر لە بیست و
پینج نەفەری زور و بور باشتر نیە ؟ ٠
ئایا ئەگەر ئیمە بمانەوی ئازادی بوخومان وەدەس
بینین ، شەرتی ئازادکردنی هەموو ولاتەکـــــان
و کردنیان بە دیمکرات ، هاسان ترە لە وە
کە ئیمە هەر هەول بو ئازادی خومان بدەین
و بەس ؟ ٠ ئایا ئەگەر ئیمە خومان بو ئـــەو ــ
ولاتانەی کە کەلەگەل کورد هاو رەسەننین ، بەلام
دەسەلاتدارن بەکوشت بدەین یاخو ماندو بکەین ،
ئیمە نابینە حەمبالی بە خوراییی یا لە دوایدا
نانە زگمان دەدەنی ؟ ٠ شایەد روژیك بیت گەلی
کورد لە هەموو پارچەکان بەیەك دەنگو یەك زمان ،
بە یەك باوەر و ئیمان بینە مەیدان و نیشانی
بدەن کە دوژمنانی کورد ناتوانن نەتەوەیەکـــــــی
سی ملیونی هەروا لەژیر دە سە لاتی خویاندا
بهیلنەوە و بیچەوسیننەوە ٠ ئەوەی بو نەجات
لە ژیر دەستی خەبات بکات ، دەبی خوین بدا
هەتا بە ئاوات بگات ٠ دەبی بە مەردی بمری ،
کوردایەتی مەرگی بە مەردایەتی دەوی ٠ ئەگەر
ژیر دەسەلاتی : ــ وەك ئەوە وایە بی ولاتی
چونکە ولاتیك تیدا دەسەلاتت نەبیت ولاتی
تو نیە ٠ دەربەدەر دەکیشی ، جیژی ئیشـــــی
بی ولاتی ژیردەسەلاتی سە ختیە بی بــــــە
ختیە نەهــــــــــــاتی ٠

# راپۆرتێك

# ...bleem wegstoppen



Turks Koerdistan.

Foto Ad van Denderen

...e in het
...voorstel-
...doeld om
...wijgen op
...jn week-
...0).
...n grondi-
...hoofdre-
...s uit de
...eer heeft
...gezeten.
...nig voor
...paratisti-
...gen ver-
...ngsrecht
...r geleden
...komen",
...tegen de

...el: hij is
...n arresta-
...nnen- en
...rentegen
...mand. Op
...over de
...ommuni-

...nda", al-
...oedbaden
...rden die
...n of van
...vachters,

dorp, 27 mensen vermoord. Tien dagen lang werd de pers uit dat dorp geweerd, omdat anders zou blijken dat het leger verantwoordelijk was voor dat bloedbad."

„Een Turkse journaliste vertelde dat ze haar hartverscheurende reportage over de situatie van de Koerden in het zuidoosten aan de straatstenen niet kwijt kon. De vooraanstaande Turkse socioloog Ismail Besjikçi, die de „Sacharov van Turkije" wordt genoemd, heeft zijn studies over het Koerdische volk met acht jaar gevangenisstraf bekocht.

Hoofdredacteur Perinçek heeft in totaal zeven jaar van zijn leven in de gevangenis doorgebracht. Hij weet niet meer uit zijn hoofd hoe vaak zijn blad het met de autoriteiten aan de stok heeft gehad. Hij haalt er een dossier bij: 84 beschuldigingen, 22 confiscaties, meestal vóór de distributie, in totaal bijna zestien jaar gevangenisstraf voor de verantwoordelijke uitgeefster.

Ze kreeg bijvoorbeeld zes jaar en drie maanden voor de commentaarloze publicatie van een rapport over de mensenrechtensituatie in Turkije van Helsinki Watch. Voor de autoriteiten kwam dat neer op „kwetsing van het nationale gevoel". De publicatie van een voorstel uit 1923 van niemand min-

fiscatie te staan.

De laatste aanvaring met de justitie werd *Naar 2000* noodlottig. Het blad werd vanwege Perinçeks pleidooien in Oost- en Zuidoost-Turkije voor het zelfbeschikkingsrecht van de Koerden, op last van de regering gesloten. Maar een nieuw tijdschrift, *Yüzyil* (Eeuw), is er al voor in de plaats gekomen. Perinçek is opnieuw hoofdredacteur.

„Kort geleden", zegt hij, „is de bevolking van 25 van de 38 dorpen van de nieuwe provincie Sjirnak aan de grens met Irak door het leger verjaagd. Vaak zijn hun huizen platgebrand en hun vee en huisdieren gedood. De pers heeft daarover niet kunnen schrijven. Wij hebben het wel gedaan, maar daarvoor hebben we de prijs moeten betalen."

De Koerdische advocaat Ismet Atesj is dezer dagen begonnen met een hachelijke onderneming. Zojuist is het eerste nummer verschenen van *Ülke* (Land). Atesj is de geestelijke vader en een van de financiers van dit weekblad, waarvan de naam verwijst naar een land dat niet bestaat en als het aan de Turkse regering ligt ook nooit *zal* bestaan: Koerdistan.

„Ons blad", zegt Atesj, „zal opkomen voor de mensenrechten van de Koerden. Wij vinden ook dat zij zelfbeschikkingsrecht moeten hebben, al is de strijd voor de onafhankelijkheid van de Koerden niet onze taak maar die van de Koerdische politieke partijen".

Atesj: „Het risico bestaat dat elk moment ook deze nieuwe krant wordt gesloten. Daarom moet de redactie voorzichtig zijn." De taal is natuurlijk Turks, want ondanks kleine concessies blijft het openbaar gebruik van het Koerdisch verboden.

Het blad heeft ook Turkse medewerkers. „Wij zetten ons in voor de democratisering van Turkije", zegt Atesj. „Een democratisch Turkije is onmogelijk zonder een democratisch Koerdistan. Want je kunt je niet uitgeven voor een democratie en tegelijk een ander volk onderdrukken."

Dit is het tweede artikel in een serie over Turkije. Het is eerste stond in de krant van 30 oktober.

خوێنەری بـەڕێـــــــز:ـ
ئەم ڕاپۆرتە لە ڕۆژنامـەی
" بەناوبانگی " فولـکـس"
دا بلاو ببوەوە • لەبەر
گرنگی باسەکەو زۆر جوان
نوسینی لە سەر کوردستانی
تورکیە• بلاو دەکەینەوە،
هەروەك خۆی بە هۆلندی
• چونکە پێمان وایـە
بۆکوردە کانی دانیشتوی
هۆلندە زۆر باشە، بـە
هۆلندی لەسەر کوردستان
بخوێننەوە • ئەوە یارمە
تیان دەدا کە باشتـــر
بتوانن لە سەر کوردستان
بۆ هۆلندیەکان قسە بکەن•

" کـوردستان "

زمـــانم شـــەق ئەبـا یەك دەم گەر بێتو نەبا ناوت
بە کوێری دائەنیشـــم گەر لەبەر چاوم نەبێ چـاوت

## Vrees voor ontstaan van onafhankelijk Koerdistan in Irak na oorlog

# Turkije wil escalerend Koerdisch



Van onze correspondent
JAN VAN DER PUTTEN

ISTANBUL — „De Golfcrisis? Die is voor de Turkse regering een prachtig voorwendsel geweest om nog meer troepen naar de grens met Irak en Syrië te sturen. Die zijn daar niet voor een eventuele oorlog tegen Irak, maar voor de oorlog tegen de onafhankelijkheidsstrijders van de PKK en het Koerdische volk."

De anonieme contactman van de guerrillabeweging Koerdische Arbeiderspartij (PKK) verzekert dat dit geen loze beschuldiging is. „Pas nog hebben veiligheidstroepen een groot aantal dorpen ontruimd en onmiddellijk daarna in brand gestoken. Die troepen waren vanwege de Golfcrisis naar het grensgebied gestuurd. De mensen die niet weg wilden, werden vermoord."

Andere bronnen bevestigen dat „duizenden, misschien tienduizenden" Koerdische boeren uit hun dorpen zijn verjaagd. Ze huizen nu, volkomen vergeten door de wereld, in zelfgebouwde tenten of hutten aan de hoofdweg, zonder enig middel van bestaan en zonder enige hulp. De winter, die in dit gebied zeer streng is, kan voor duizenden van hen de dood betekenen.

Met deze tactiek van de verschroeide aarde probeert het leger de PKK te beroven van aanhang en schuilplaatsen. Dat is voor de Turkse regering bijzonder urgent geworden omdat ze vreest dat na een militaire nederlaag van Saddam Hussein in Irak een staat Koerdistan kan ontstaan, waardoor het Koerdische probleem in Turkije onbeheersbaar zou kunnen worden.

Maar volgens de PKK sluiten veel vluchtelingen zich juist aan bij de guerrilla. „Ik kan me dat uitstekend voorstellen", zegt iemand die deze vluchtelingen ter plekke heeft gezien, „want ze hebben toch niets meer te verliezen".

In augustus schortte de Turkse regering de burgerlijke vrijheden in het oosten van het land op. Dat was een impliciete erkenning van de kracht van de PKK, die volgens de officiële berichten al in 1984 voor de eerste keer werd vernietigd. „Sindsdien is de PKK voortdurend sterker geworden", zegt een vertegenwoordiger van deze beweging. „Dat kan alleen maar omdat het volk de guerrilla steunt."

Met haar marxisme heeft de PKK geen enkele moeite: „In de Sovjet-Unie en Oost-Europa is het marxisme niet toegepast in overeenstemming met de eigen omstandigheden. In Koerdistan gebeurt dat wel."

De PKK geeft toe dat ze niet de enige groepering is die voor het zelfbeschikkingsrecht van de naar schatting tien miljoen Koerden in Turkije opkomt. Een nieuwe partij bijvoorbeeld als de Volksarbeidspartij (HEP) ...

Inönü, schijnt onder de Koerden sterk aan te slaan.

„Wij vinden dat de Koerden nu een kolonie in Turkije zijn", zegt HEP-leider Osman Osçelik, vlak voordat hij een hongerstaking tegen de doodstraf begint. „Het Koerdische volk moet zelf uitmaken wat het wil. Wij zijn geen Koerdische partij. Wij zijn een democratische partij. Deze regering is niet democratisch. Deze regering is fascistisch."

De oorlog in Zuidoost-Turkije escaleert. Geleidelijk aan is de Koerdische kwestie Turkijes grootste probleem geworden, maar hoe groter het wordt, hoe meer het wordt weggestopt. Het aantal slachtoffers stijgt voortdurend. Ruim tweeduizend mensen zijn sinds 1984 door het leger of de PKK gedood. Voor minstens een derde deel waren dat boeren. Steeds meer raakt de burgerbevolking tussen twee vuren.

Volgens een rapport van de mensenrechtenorganisatie Helsinki Watch gebruikt het Koerdische verzet sinds de lente van dit jaar intifada-tactieken. Het geweld van de PKK schijnt selectiever te zijn geworden dan vroeger. En nog steeds heeft de regering geen ander antwoord dan méér repressie.

Iedereen die niet samenwerkt met de ...

conclusie dat voortaan „het hele Koerdische volk, behalve de collaborateurs, als vijand wordt behandeld".

Vorig jaar doken geruchten op dat het leger tegen de opstandige Koerden gifgas wilde gebruiken, zoals Saddam Hussein in Irak tegen „zijn" Koerden had gedaan. „Daar kwamen toen zulke sterke protesten tegen", zegt de gezaghebbende mensenrechtenactivist Emil Galip Sandalci, „dat de autoriteiten de verzekering gaven dat dat niet zou gebeuren".

Volgens de PKK heeft men echter geen woord gehouden. „Inderdaad", zegt een officieuze woordvoerder van de guerrilla, „er is in Turkije geen gifgas gebruikt tegen de bevolking van de dorpen en steden. Maar de guerrilla in de bergen is wel met gifgas bestookt. Al in juli 1987 stierven negen guerrillastrijders door gifgas, en twintig in april 1988. Hele bossen in Koerdistan zijn met napalm platgebrand, om te voorkomen dat de guerrilla zich daar zou verschansen".

Na een groot PKK-offensief kreeg in april van dit jaar de „supergouverneur" van de dertien Koerdische provincies waarin de uitzonderingstoestand van kracht is, Hayri Kozakçioglu, nieuwe ...

die in zijn oord...
Koerdische geb...
len. Dat decreet...
één man en één...
te leggen: Dogu...
blad *Ikibine De*...

De Turkse ove...
ge hekel aan dez...
dacteur. Hij is...
gevangenis onts...
hij „maar" een...

Zelf vindt hij...
zo'n zware besc...
sche propaganda...
rdediging van he...
van de Koerden...
zou ik daarvoor...
zegt hij met ee...
klippen op.

Perinçek hee...
een bekende fig...
tie regende het...
buitenland. De...
voor wie hij opk...
het gebied van...
Koerden hebben...
qués immers he...

„Volgens de of...
dus een PKK-bre...
aangericht door...
het werk zijn v...

www.arsivakurd.org

# راگویزان

**پاشـماوەی ژمـارره (٢)**

* * * * * * * * * * * * * * * * *

٢ /_ بە تەقینەوەی ئەم خەبەرە رەنگی جـوان و
زیندوی ئاوابی گۆرا ، هەناسەی قەبرسانیکی کـون
بالی کیشایە سەرگوند·گواستنەوە وەك دیوەزمەیەکی
خوین تال و رەش ،نیسیێ قورسی خستبووە سەر
گوند و ·ژیانی خەلکەکەی و هەموو جوانیەکانـی·
وەك ئەمـە وابوو ئەم خەلکە بە هوێ تاوانێکـی
گەورەو گران تووك و نەفرین کرابن ، لە هەموو
خیرو خوشبیەك بی بەری بوون· لەکاتیکـەوە
هەوالی گواستنەوە بەناوچەدا بلاو بووە، هەنـدێ
خوشبو سەر زیندوبی لەلەشیان گەرم راگرتبوو ،
وێنەی هەوارچیەك بارو بنەی بو جی هەواریکیتـر
تیك ناو و مال ئاوابی لیکردن···
خەلك لە هاتو و چوی یەکتردا بوون ،تەگبیریان
پیك دە کرد ،بیریان لە دوزینەوەی ریگەیـەك
دەکرد کە بتوانیٰ لەبەرامبەر دڕندەیەك بە نـاوی
"راگویزان" کە زاری لیٰ داپچراندبوو و هەرەشەی
لیدەکردن ،بەربەرەکانی بکات· لە ئیشو کار ـ
سارد بوبونەوە ،بەلام لە تەواوی ئەم ماوەیـەدا
دەستیان لە کار هەلنەگرت. زوربەی ئیواران لـە
بەر مزگەوتێ،لە بانە کان کو دە بوونەوە ،
پول پول لیك دەئالان کتتو گو و راویژیـان
دەکرد، لاوەکان و کورگەل هەمیشە لە حـالـی
سـرتو خورتدا بوون · ئەم باسە یان لە زار ـ
نەدەکەوت و میشکی ئازار دەدان · "راگویزان" ـ
ببووە هوتە، بەهەمو ناو و مال و خیزانیك دا ـ
دەگەرا ،سەری لە هەموو مـەزرا و موچە و کور
و کومەلیك دەدا ،تەنانەت دەنگی تالو نەفرەتاوی
خستبوە سەر لا بە لایەی دایك و یاری و کایـەی
منال و ژوان و شەمشالی شوانان···
شەویکی تاریکو ئەنگوستە چاو،خاموشبو رەشایـی
گوندیان گرتبووە ئامیز ،شنەیەکیفینك،دەنگی لیکخش
انی پەلو پوو گەلای زوری دارەکانی لە ئاسماندا ـ
بلاو دەکردەوە · سیرە سیری یەکبین هـەوای
سریلە چەقاوە سوەکان وا تیکەلاوی بیدەنگیـی
بووبوو کە جارو بار هەستی پینەدەکرا · لە دورەوە
شەوقی چرا تورەکەی دیوەخانی قەرەنی ئاغا شەوقـی
دەداوە و دیشە کوبرەی ئەم دەشتە بە پـول
بەرەو شەوقە کە دە چوون · دیوەخان قەرەبالـغ
بوو· چەند کەس لە ردین سپییەکانی گوند بەبونـەی
هاتنەوەی ئاغا لەمشارو پرس و تەگبیر سەبارت بـە
راگویزان چوبونە لای · دوکەلی مەیلەو کەسـکی
توتنی توندی خومالی لە ژورەکەدا پەنگی دەخـواردەوە ،
وەك گومیکی لیل کە چەند کەس تیا باسك لیٰ ئەدەن
· دیوەخان هەر بە شیوەی جاری جاران پـاك
وخاوین و رازاوە دەهاتە بەر چاو ،بەلام دارو دیوا ـ
رەکان وینە هەلواسراوەکانی کوردەکانی قەرەنی ئاغـا
لە جلوبەرگی سەربازی ،وینەی دەورانی گەنجییەتـی
خوی بە مرادخانی و سوار ئەسپیکی کویت ،،،،،
ئاوینەیەکی زەرد کە بە سوچی خوارەوەی وینەیەکـی
لیدرابوو، قالیچەو سەرین و بالیفە نەخش و نیگـار
کراوەکان ،هەموو گەردیکی کونیان لینیشتبوو،دریژایی ـ
رەنگو رووی بردبوون و کالی کردبونەوە·لەوە دەچوو
چاو بخشینیە بیرەوەریەکی کونی رابوردو و تیا نقـوم
بی ،هەندێ خەفەو قورس ئەینواند ،دلتەنگییەکی ـ
تایبەتی وەك ئارەقەی شەرمەزاری بە ناو دیوارەکانـدا
دە تکایە خوار· قەرەنی ئاغا قاچی خستبووە سـەر
قاچی ،پالی دابوەو و بیك دوو جار هاواری پیشخانەی
کرد · بەلام پیشخانە بیٰ ئەوەی هیچ وەلامیـك
بداتەوە دەنگی گری قەرەنی ئاغای لە خودا شـاردەوە.
پیشخانە وەك رابوردو نەمابوو کە دایم چەند گزیـرو
نوکەری لیکەوتبی و جایچی لە بەر هەلمەو گەرما و ـ
قولنە قولتی سەماوەر نیو چاوانی هەمیشە ئـاوی
لیبتکینتەوە·

www.arsivakurd.org

ئاغا بۆ خوشی ،بازارە خۆش و بەرمینەکەی جاری جارانی نەمابوو،تەنیا دوسێ پەلە زەویو هەندێ مێشەی، کە هەموو سالی بو خەرجی ژیانی بە شێکی لیدەفروشت ،پۆزو فیزو ئیفادەی جاری جارانی ،لە هەموو داهات و سامان و دەست رویشتویەکەی بە یادگار بۆی مابوو٠کاتێ دەستی دەنایە بەر پشتینی و قەلشتی بانەکانی پی ری — دەخست( پێی ری دەخستە قەلشتی بانەکان) — گا ،گا بزەیەك دەکەوتە سەر لێوە رەش و چرچەکانی، لە دورەوە هەست دەکرا بیرەوەریەکانی تافی لاویتی خزاوەتە ناو مێشکی و کەیفی خۆش کردوە ٠ لەراستیدا هەر بە رابوردو لە رابوردودا دەژیا،تەواوی شانازیەکانی خوی لە بیرەوەریەکانیدا دەدۆزییەوە ٠ بەلام ئیستا وەك دالیکی پیرو تولەك کراوی لێهاتبوو، چرچ سیس٠ تەرپۆشی و جلوبەرگی پۆشتە و پاکو خاوینی بە تایبەت دەسرەسری بەر پشتینەکەی بە ناوبانگ بوو٠دوو کوری لەشار دەژیان٠خوشی بە بیستنی ئەم خەبەرە بە پەلە خوێ گەیاندبووە گوند ،شوێنەواری ئەم خەبەرە زۆر زۆر کاری — کردبووە رەنگی چاوەکانی ٠ روی لە هەمیوا نەکە کردبوو باسی دەنگو باسی شاری دەگێڕاوە٠

— شارێکی خوش ،هێدی وئارام،بەلام قەت رەنگی جارانی ناگرێتەوە٠هەر دەتگوت شارەکەی سالێ سالانە ،هی سێ چوار سال لەمەوبەر نا ، وەك شارە رەحمەتەکەی کۆن ، ئەم خەبەرەم نەبیستا دووەمانگی تریش نەدەهاتمەوە ٠٠٠٠٠٠٠٠ بلێی ببینینەوە ٠٠٠٠ !!!

دوکەڵی کەسکی جگەرە تەمی سەر چاوی خەستر کردبوو٠ سەری بوقسەکانی ئاغا دەلەقاند و بەهەر سەرلەقاندنێ لوێ کەشیەکەی دەلەریەوە،بەهێمنی ووتی:—

— بەشی ئێمە هەمیشە هەر وا بووە ٠٠٠٠٠٠٠ ئەوەی هاتووە هەر بە چەپۆك کوتاوینی، ٠٠٠٠٠٠ بەلام باسی ئەوە بکە ، ئەو حەشامەتە دەگوێزنەوە کوێ؟ بەرێیان دەکەنە چکونو قوژبنێك ؟ ٠٠٠٠٠٠ چۆن ئەم حەشیمەتە دەژێنن؟ زەوی دەدەن٠٠٠٠٠

ئاغـا قسەکەی بڕی و گووتی :—

— کەس نازانێ ، نەهێنیە ! ! کێ دەزانی ! رەنگە بگوێزنەوە بو جنوب ، ئوردوگایەکت بە تەل درو بۆ دەچنن و دەدخەنە ناوی وەك کەو٠٠٠

سیمای ئالکاوی حاجی هەر دەهاتو بور تر دەبو.

— بەرد لەشوێنی خوێ بترازێنی جێی خوی نا گرێتەوە ،ماڵمان کاول کرا ،تازە خانە خەراپ بووین رەنج بەخەسارچوین٠ تا پاسگا هەموو پاسگا ئیستاش پایگا ، گوند سوتان و توپ باران ٠٠٠ ئەوەش بەس نەبوو ، ئێستا راگوێزان، بۆ ولاتێ کەس نەدیار٠٠٠

هەست دەکرا دنیا بە تەواوی قورساییەکەی ، بۆتە بەردیك و گرانایی دەکاتە سەر دلی حاجی دانیشتوانی ژورەکە(و بە ری بە خوێن گرتووە کە بەلەشیانا بگەرێ ، سوفی عومەر هەردەمە سەیری لایەکی دەکردو چاوە زەقەکانی بریبووە دەمیان ٠ کوێخاش سەری بەرداوبوە، دەنکە وردەکانی — تەسبیحە قەزوانەکەی بە ناو دەستیا دەگێڕا ٠ گونا پر لە خوینوجوانەکانی حاجی تویخێکی چرچی بەسەردا کیشرابوو ، ساردو سڕ دەی نواند ،حاجی بە یەکەم دەولەمەندی گوند لەقەلەم دەدرا ٠ باشترین زەویە بەراوەکانی گوند لە"ئیسلاحاتی ئەرزی" وەبەر حاجی کەوتبو ٠ نزیکەی هەزار سەر مەری دەچووە هەواری ، خەرمان کوبو تراکتورەکەشی، پشویان نەبوو٠ لە کاتی ئیسلاحاتی ئەرزیەوە ، وەك دیمەنی خوێ رۆژ بەدوای رۆژ ئەستور ترو قەلەوتر ببوو وەك هەلمسابی ٠ چاوە خەم تیشکاوەکانی رو لە قەرەنی ئاغا کردو گووتی:—

— ئاغا بلێی تراکتورو مەرو مالاتەکەمان زەوت — بکەن ،بلێی بەراستی بیانەوێ هەموو شتێکمان لێ داگیربکەن ،بکەوینە سەر ساجی عەلی !!؟؟

— هەی هەی ، تومنال نی حاجی، تـو دوژنایەتی دەکەی ، دەمیکوژی ئەویش دەتکوژی ، ماڵت ویران دەکات ، شەرە شەر، زەویەکەت ، بیشەکەت دەبرێ گیشەت دەسوتێنێ،

www.arsivakurd.org

تالانت دەکا ، گوندەکەت داگیر دەکا ، لەوەی لــە
دەستی بێ، دەیکا ... حەقی خویەتی ......
تو دوژمنایەتی دەکەی ، ئەویش دوژمنایەتیت دەکا
تو پیی، پیی بوستی نایکوژی ...؟ ! وانیـــە
کوێخا ؟ !
کوێخا خێرا سەری هەڵبڕی و بەدابی کـــونی
ووتی :ـ
ـ قسەتە ئاغا ، هەموو کەس بۆ دوژمنی خـــۆی
بێ ڕوحمە و زالم، بەتایبەت کە دوژمن بێ
دەسەلات بێ ٠ سەرلە نوێ ئاغا ڕوی لــــە
حاجی کردەوە و گووتی :ـ
ـ حاجی ، دەبێ بیر لە شتیکی دیکە بکەینەوە،
ئەوە جەزای خەتاکانی خۆمانە دانەمەزرایـــن
، بزیویمان کرد، ئێستاش دەبێ هەڵیگرینەوە.....
خۆمان بشێلین ٠ لە بەرامبەر توپ و تانـــك
بە قوڵە تفەنگ چ ناکری...نا ٠
ژورەکە کپ ببوو ٠ قەرەنی ئاغا وەك داڵی ـ
سەر کەلاك چاوی بریبوە دیمەنی تیك ڕمـــاوی ـ
حاجی ٠ دەسرەسری بەر پشتێنی دەرهێنــــا
و لوتی ڕەش و زەلامی سریبەوە، چووبوە بیـــرەوە
چاوەکانی وینەی پەنگ ئاویکی پر کەف و پیــــچ و
گیژاوبوو، بیرەوەریەکانی جوان دەخوینرایەوە٠! !
... ئەی حاجی سەگباب لە یادتە تالانتـــان
کردم ، بستیك لەزەویەکانی میراتی باب و ـ
باپیرانم بۆ نەماوە، وەسما کەوتبوی ، جیفرکـــت
لە خۆ ئەدا پیش ڕەشرووت کەوتبوی بە پشتین
زەویت دەپیوا ، بی چێژە دەی...........
کوێخا بیرەوەریەکانی قەرەنی ئاغای وەك ڕیـــس
کردە خوری ٠ هەڵی دایە و گووتی :ـ
ـ مالی سەبەب کار خـــراپ بێ، ئێوەردێن سپیە
کانی گوند ، ئەوکاتە کە دەکەوت مەهێلن لەناو
گوند "مەقەر"دامەزرینن، ڕوژی ئاوەهام لە پیـــش
چاو بوو ، حاجی پیت وابوو لە ڕوژی تەنگانە
کیشکی مەرو مالاتت دەکێشن نەدەزانی جـــوار
پیاوی وەك تۆ و ئاغا بە قوربانی شوانەکەت دەکەن .

قەرەنی ئاغا دەنگی بەرز کردەوەو بە تورەیی گوتی:ـ
ـ بوختانێ مەکە هەتبوو، قەت پیم خوش نەبـــووە
چاوم بە کەسم و ڕوخساریان کەوێ ،ئەگەر نەشـــم
ویڕایێ ڕاستەو خۆ پێیان بلێم ، بەلام بەدل قەت
خوشم نەویستون ، ئەوەی بە "حاجی" بلی....
لە هەوەل ڕوژیشەوە لەگەلیان نەبووم٠ لە پاشان ـ
دریژەی پێدا و ووتی:ـ
ـ جامانەم بۆ لار دەکا ٠ بەشەوبە ناو گوند' تیدەـ
پەڕیو لە پایگا دەمدا ، باهەلیگرینەوە ... ئیمـــە
دەرووستی دەوڵەت نایەین ،نا، بو ئیمە مانـــان ـ
واباشترە لەگەلیان ڕیك کەوین ، خومان لەگەلیـــان
ڕیك خەین ، چ زیانیکمان بینی لە دوستایەتیـــی
ڕەئیس پاسگای زەمانی " پەهلەوی"٠کوێخا هەلیدایە
و گووتی :ـ
ـ بابم قسەیەتی ،من خۆم شایەدم چەند کوری ـ
ئەم گوندەمان لە سەربازی نەجات داوە،هـــەر
بە فروج سووورکردنەوە ... چەندەها کاری تر...
کەبا هەر لەسینگم دا بمینیتەوە ٠
ـ دوینی لە دورەوە دوستایەتیمان دەکرد، ئـــەمرو
لە نزیکەوە دوستایەتیان.......
شەو زرینگا بووە ، بەلام هیندە لە گومی قسەو ـ
بیرەکانیان قووم ببوون ئاگایان لە هەموو لایەك برا
بوو ٠ دەنگیان نزم تر کردبوو، چاوە ســــوور و
دەرپەریوەکانیان بریبوە دەمو لیوی یەکتری٠بەشیـــك
لەسیبەری‌یان نەخشی دیوارە برق گرتووەکانـــــی
دیوەخان ببو، خەریکی مەلانێ بوون بەشیکی تریـــش
بە پەنجەرەدا خویان دەکوتایە دەرێ٠ شوقی چـــرا
تورەکەش هەردەهات و بەرەو کزبوون دەرویشت ...

www.arsivakurd.org

٣ /_ پانزه رۆژ له قسه‌كانی فه‌رمانده تێپه‌ر ببوو
•به‌تێپه‌ربوونی هه‌رساتێ ، هه‌ر رۆژێ قورسایی
ئه‌م خه‌به‌ره ترسناكه، پتردیمه‌نی قژرنراوی—
ده‌رده‌خست • به‌تێپه‌رینی هه‌رساتێ خه‌ڵك
هه‌ستی ده‌كرد هه‌نگاوێكی تر داوێت بۆ نزیك
بوونه‌وه له‌م جانه‌وه‌ره بێ به‌زه‌یه• هه‌ر ده‌هات
هه‌ناسه‌یان سارترو ره‌نگیان زه‌رتره‌ده بوو•نزیك
تر بوونه‌وه له مۆڵه‌تی چۆڵكردن به ره‌نج
و دل مردوێكی پتر خۆی ئه‌نواند، جه‌رگ و
دڵی ئه‌كروشن ، دیمه‌نی خنجیلانه‌و ژیكه‌لانه‌ی
ئه‌م گونده له رۆژانی شادی وینه‌ی بوكێكی
ره‌زا سووك بوو كه‌ره‌نگی جوانی ده‌رده‌خست،
به‌لام ئیستا له ده‌ریایێك ده‌چوو كه هه‌ور و
ته‌م و مژه به ته‌واوی لێی نزیك بوو بێته‌وه
له‌ئامیزی گرتبێ•وه‌ك ده‌ریای مه‌ند و هێدێكه
له ده‌روون دا ده‌كوولێو ده‌لولێو شه‌پوله‌كانی
ماڵ وێران كه‌ری خه‌ریكن هه‌ڵبكه‌ن • —
تۆفانێك له هێمنی ئیستای ده خۆێنرێته‌وه •
توفانیك كه به‌رپابوو ، چ ئاسه‌واری ژیان
ناهێڵێ و دیمه‌نه شه‌نگ و جوانه‌كانی گوند
رادماڵێ و ده‌یانكاته هیلانه‌ی نه‌غمه‌ی تاڵ و
ناخوشی گونده شومه‌كه‌ی دیل و ره‌نج ••••
له‌م ماوه‌یه‌دا حاجی ناردبوی به‌شوین كوره‌كه‌ی
كه‌له شار ده‌ژیا • خوشی جاریك چو بووه شار
قه‌رمنی ئاغاش رایسپاردبووه ئاموزا وبرازاكانی
له گونده كانی دراوسێ • یه‌ك دووجاریش‌سوكه
پیوه‌ندیه‌كی له‌گه‌ل فه‌رمانده‌ی پایگا گرتبوو•••••

٤ /_ شه‌و بوو ده‌ره‌نگانی ، سه‌وه‌ر ، سكوتی
ئاوایی كه وینه‌ی په‌رده خوی به سه‌ر گوندا
تخێل كردبۆ وه ، بو ماوه‌یه‌كی كورت شكاند •
ده‌نگیان شه‌وی داچڵه‌كاند • پاش ئه‌وه‌ی ده‌نگیان
دان ، تانزیكه‌ی پارشه‌وی كه سه‌ر له نوێ
ده‌ستیان به‌وه‌رین كردوه ، بێ ده‌نگ‌بوون•
ئاسمان ره‌ش و تاریك و ئه‌ستیره جوانه كانی
جریوه جریویان بوو ،
وه‌ك ئه‌وه‌ی هه‌زاران رازو نه‌هێنیان له خودا—
شاردبیته‌وه ، سه‌رنجی جاویان بو لاخوكه‌مكیش
ده‌كرد• گوند خاموش و بێده‌نگ ته‌نها یه‌ك دوو ماڵ
چراكانیان به‌ته‌نگه‌نه‌فه‌سی ده‌ژیا•ته‌قه‌و شه‌قه‌ی ئه‌لقه‌—
ریزی ده‌رگاكان ، جیره جیری كردنه‌وه پیێك
دادانیان ،هاتوچۆی به‌ئه‌سپای یه‌ك دوو لاو بو
ئه‌م مال و ئه‌و مال ، گوندی له‌خه‌و راپه‌راند
خه‌به‌ری دابه‌زینی پولیك پ•م وه‌ك گیژه‌لوكه به
هه‌موو ماڵیكدا گه‌را•خه‌لك خه‌والوو،به‌لام به‌خیرایی
خۆیان گه‌یانده شوێنی كوبونه‌وه•دوو كومیسیری —
حیزبیش له‌ته‌ك پیشمه‌رگه‌كاندا بوون • بۆباس و راویژ
له باره‌ی راگویزانه‌وه هاتبون•هه‌موو خزابونه‌ژوره —
بچكۆله‌كه‌ی ماڵی هه‌مزه و جێ دانیشتن بو كه‌سی تر
نه‌مابووه • هه‌وای ژوره‌كه گه‌رم بوو• لاوه‌كان زوربه—
یان به پیوه وه‌ستابوون • شوقی كزی فانوسه‌كه
ره‌شمه‌كه زوری بر نه‌ده‌كرد •ریزه‌كانی پشته‌وه تاریك
مابووه• ته‌نها له بریسكه‌ی چاوه‌كانیان هه‌ست پیده‌كرا
پشته‌وه پرو چۆل نیه•هه‌مزه وه‌ك خانه خوی یه‌كی
چاك له به‌رده‌رگا وه‌ستابوو ،هاتوچۆی ده‌رو ژوری —
ده‌كرد • جارو بار پلیته‌ی فانوسه‌كه‌ی به‌رزو نزم
ده‌كرده‌وه • سیمای گری گرتبوو ؛ شه‌پولی خه‌م
تیشكاوی چاوه‌كانی ده‌ربان ده‌خست له سه‌ره شه‌وێ—
را چاوه‌ڕێ بووه • له‌وه‌تی فامی كردبووه له ماڵی
حاجی ده‌هاتوو و ده‌چوو ده‌مێك ساڵ بوو شوانكاره‌ی
بوو • پیاوه به سالاچووه‌كانی ئاوایی كه بابی هه‌مزه
یان ده‌ناسی ، دانیان به‌مه‌دا دێنا كه هه‌موو ئازای
له‌شی هه‌مزه ، له‌بالای دریژی و بروی ره‌شوپانی—
بگره تا سه‌رشێتیه‌كه‌ی و ته‌نانه‌ت بزیویه‌كه‌شی، هه‌مه
له بابی را به میرات ماوه‌ته‌وه• هه‌مزه به‌ر
له‌وه‌ی پێی‌بوماڵی حاجی بكریته‌وه، سالیك ببوو
ناردوویانه به‌ر به‌رخه‌ڵی ماڵی قه‌رمنی ئاغا •
بابی هه‌مزه ره‌عیه‌تی قه‌رمنی ئاغابووله ئاست ئه‌و دا
ته‌نانه‌ت خاوه‌نی ماڵ و منالیش نه‌بوو • كه‌ڵی
كویره‌وه‌ری‌و چه‌رمه سه‌ری به ده‌ستیه‌وه چیشتبو••••
ئاغا زۆری سوكایه‌تی پی كردبوو،

www.arsivakurd.org

بابی هەمزەش قسە لە روو و کەللە رەق‌بار هاتبوو ئەوندەی بۆ لوابا بۆ ئاغای شل نەدەکـــــــرد٠ هەر بۆیش پەند نما بەسەری نەهێنێ ٠ بێگارو دارکاری ، لەتەویلەکردنی ئەزمون کرد بــــوو٠ قەرەنی ئاغا ئەوسا دەس رۆیشتو بە زەبرو زینگـ بوو ( گونی گونداری دەردەهێنا ) بە چلەی ـ زستان کەرەسەی چەند مالی گوندی بە پیـــرو زارۆکەوە خستە پەرگەی دێ ٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠

هەمزە ئیستاش کە چاوی بە ئاغا دەکەوێ یــا بە بەر تە ویلەی مالی قەرەنی ئاغـا تێپەر ی یادی رۆژە شومەکەی دارکاری بابی ،وەك ـ خەونی دەمەو بەیانی وەك دیمەنێکی لـــــــە تەمومژدا دیبێتی ، دێتە یادی ٠

زستان بوو بەفرێکی قورس تاسەر چۆك ئـــەرزی داپوشیبوو٠ قەرەنی ئاغا رایسپاردبوو بابی هەمزە ـ کەبێت و بانەکان‌بمالێ٠ بانەکان زۆر بوون و بەفرەکەش قورس ، بانی تەویلەو کادین و دیوەـ خان و ئەندەرون ٠٠٠٠٠

تاپاش نیوە رۆ پێوە بوو ، بەلام هێشتا نیـوە نەکرابوو، ئارەقە بە هەموو لەشیدا دەتکایــــە سەر بەفر ٠ ماندو شەکەتو برسی و تینو بوو و برستی لێ برابوو٠ ئەویش بێلی لێ فریدابـــوو بە جویندان‌چوو بۆوە مالێ ٠ ئاغاش وەك بـــەراز بەرقداکەوتو،رۆژی پاش ناردی بەشوێنیدا٠٠٠٠٠٠ بەر تەویلەیان حاشتبو ،بابی هەمزەیان قـــول بەست کردبوو ،نوکەرە بەدفەرەکانی بەر بیوونــە گیانی، بەشێکی زور لە خەلکیی‌گوند کوبوبونــەوە ردێن سپیەکان خێرا خێرا پێشیان بە قەرەنـــی ئاغا دەگرتو تکایان بۆدەکرد٠

ـ غەلەتی کردووە ،ماندوبووە ، هیلاك بـــووە ببیەخشە٠٠٠٠

قەرەنی ئاغاش دەستی نابوە بەر کەلەکەی و بـــە خیرابی پیاسەی دەکرد ، کەفی دەردابـــــوو بێ ئەوەی گوێ بگرێتە ردێن سپیەکان و سەیریان کات بە سەر نوکەرەکانیدا دەیکوراند: ـــ

تێ‌ی‌هەلدەن لەو تولە بابەی ٠٠٠دەستی لـــێ هەلمەگرن ٠٠٠ بێ قسەبی من دەکا٠٠٠تا عاقـــل دەبێ، تێی هەلدەن ٠٠٠ لە پاشان لە تەویلەی ـ کەن ، سەری لەئاخوری ٠٠٠ قەرەنی ئاغام پێدە لێن ٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠

تا شەکەت بوون و لەپێ کەوت دارکاریان کـــردو کوتایان ، سەری لەدوو- سی جێ شکابوو،ئەوپیاوە چوارشانەیە فرمێسکی بە چاودا دەهاتە خـــوار، رەشو بۆر هەلگەرابوو وەك خانویەکی تێك قرماو،ناحەز و ناشرین دەینواند، بەتەواوی تێك شکا بـــــوو ئەمە هەوڵ کوتانو دارکاری نەبوو ،بەلام پـــاش ئەم جارە خۆی نەگرتەوە ماوەیەکی زۆر لە جێدا کەوت ٠ هەر ئەو لە جێکەوتنەدا بوو وپاش سالێـــــك لە ژورە پچوکو تاریکەکەی خۆیان دا بە هێمنی چاوی بو هەمیشە وێك نا و نەیکردەوە ئیتر نەیتوانی ـ هیچ بزیویەکی تر بکات ، تا هەرەشەی ئاغا کـــە گووتبوی ، جارێکی تر پانزە شەوان لە تەویلەی ـ دەبەستمەوە و بەشەق لە ئاوابی دەری دەکەم """ سەر بگرێت٠

لە کاتی دار کاریە کەیدا هەمزە خۆی پێ نەگیرا بوو خۆی گەیاندە بابی و پێوەی لکا ٠ بە هەموو هێزی هاواری دە کردو فرمێسکی دەرشت، ئەم روداوە ـ هەمیشە وەك گرێیەك سەردلی ئازار دەدا. کەبـەفـر دەبارێ ئەم برینە کۆنە دەگەڵ دەنکە درشتەکانـــی بەفرەکە بە نازە ئەرزیان دادەپوشی ، سەری ـ هەلداوە ٠ لوکاتەوە کەبابی مردبوو حاجی بردبویە ژێر بالی خۆی ٠ لەپیشان بەنانە سك و لەم سالانــەی دوایی کە مەری حاجی لە زۆری‌دا بوو،لەسەر دەستی چەند کەسان هەموو سالێ جگە لە شەکیکو دەستیێ جل ، هەندێ پارەی بو بربیووە٠هەمزە دوستایەتـی لە تەك پیشمەرگەکان خوشبوو ،بەرلەوەی ناوچـــە بگیریتەوە و گوند چوڵ کەن ، کەمتر شەوی واهەبوو سەر لە مەقەری نەدات ،تا دەرمنگانێ گوێی بۆ ـ قسەکلنیان دەگرت ٠ باسی ئاوات و ئارەزوەکانــــی خۆی دەکرد ، باسی رەنج و ئازارەکانی ژیانی دەکـرد ئەو ئازارانەی فرچکی پێگرتبوو و ئاوێتەی خوێنی ببون. بە ئاسودەیی رۆچنەی دلی لەلای وان دەکـــردەوە .

بەرۆژیش کاتێ لە بەر مەری بوو ، هەردەستەیەکی دیبا بە گەرمی پێشوازی لێدەکردن ، بەقسەی گەرمو بە تین لەگەڵیان دەدووا و لە نـان پێخوری دا بەشداری دەکردن ، جارجاریـش هەناسە گەرمی بە شەماڵەکیدا رەوانە دەکرد و جۆشی دڵیانی دەمزواندئەوەی لەدەستی هاتبا دەریخی نەدەکرد ، ئێستاش هەرکات ویستبایان بێنە ناو گوند یا بەگوندا تێپەرن پێشتـر هەمەزیان ئاگادار دەکرد ٠ ئەویش هەندێ لە گەنجەکانی تێدەگەیاندولە کاتی دیاری کـراو ، بەرەو پیریان دەچوون ٠ ٠٠٠٠٠

٠٠٠کوبونەوەکە تا نزیکەی پاشە شەوێ درێژەی بـوو ، پ٠م کان پاش گفتوگو و تەگبیرو پـرس ورا لە گەڵ خەڵکەکە ، زەمیکی تیروتەسەلیان لـە ماستی مەرو لۆرکەو پەنیری تازە خوارد و وەك نیسێ لە دلی تاریکیدا بزر بوون ، تەنیا بۆنیان بوو کە "بـا" هەڵیدەسوراند و بوتاوی سەگەکانی ووشیار کردەوە ٠ بەلام پاش قەبرێ ئەوانیش بێدەنگ بـوون گوند یەکسەر نوقمی بێدەنگی بوو ، خامۆشی کەلەکەی لە ئەرز دا ٠٠٠

لـەدوورەوە دیار بوو هـەناسەیەکی بە هێز تیشـکی کـزو ناوەختـی فـانوسەکـە مرانـدەوە٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠
٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠مـاویتـی

## وەڵامێک بۆ ..

بـەرێز مـامۆستا :ـ

دوو پـارچە هـۆنراوەکەت کـەمێشتە دەستمان ٠ ئەوا بـۆ نـمونە چەند بەیتێکی بلاو دەکەینەوە ٠ هیواداریـن زیاتر خۆت لەگەڵ شـیعر ماندو بکەی ٠ چاوەڕوانی شیعری رێك و پێکترین ٠

"ئـاشـتی"

خوشەژیـن کـەس داری هیلانـەی نـەبـڕێ
باڵـە فـڕی بەگوڕی بێ بەختی بەسـەریا نـەفـڕێ
شـەرە هاوالـی مـەرگە ئـاشـتیە بـرای ئینسان
ئـاشـتی بـزەی ژیانە هـۆی ئاسایشـی جەهـان

" کوردستان "

کـوردستان خۆشـم دەویـت بەدڵ و بە گیـان
دایکی مـان نیشـتمانی جوان باوەشـی ژیـان
لـەتوو دەبینم بـوونی خۆم کەورە کراوی باوەشی تـووم
دەت پـارێزم سـوێنـد دەخۆم لـەسەر بریـارم دەڕۆم

www.arsivakurd.org

# گوڵی گۆڕستان

مـەوجود سـامان

هـۆ ئـەو جوانەی کـە خـۆشم دەویست
مـاچی دەدامـی ، بۆیێك دەمـــــــــــردین
خـودا ئـاسا بوو ، ئـەوم دەئەرسـتـ
ئێستاش تێك ناگەین ، تۆبلێی بەردیـــــن

من هەرچیم هەبوو بەخشیم بـەو رێیـــە
کـە دەمـبینی مـات و چاوەرێی ئـــەوم
تـارمایێك مـاوم نـەك جستەی بزیـو
چرپـەی بی مانای یەك زیندە خـــــەوم

وا بە ساتابی دڵی وێرانەم ناکەوتە سەمـــا
گـەر وەرزەکان وا خێرا تێپـەر بـــــن
خـەم وەکو مامز بـۆ هەوراز راکـــا
یادەکان تێکەڵ بە زەردە پەربـــــن

چی بە خۆ منیش ئەو قەقنەسە نیـــــم
بسـوتێـم دایم ، بو ماچێکی دیـــــم
گەر تـا هەتابی بتگـرمە ئـامێـــــز
کە چاو کەمەوە هـەر تینوو و برسـیم

گەر بەزانیایە ، هەرچی خەم هـەیـــە
لەم دنیا پووچە ، دەمنوشی وەك مـــەی
نـە با ئەو سـاتە تاڵە ببینـم .......
لە ژێر درەختی مەرگ چـاوان لێـك بـدەی

من هەرچیێکم خـوش ویست لـە دنیـا
کوچ دەکـا یاخو بـوم ناکا ، دەمـــــری
دەست بۆ پـەپوولەی خۆشبەختی بـــەرم
وەك دڵی شاعیر هەر زوو کـز دەکـــری



www.arsivakurd.org



ئەو تیرەی کە هات دڵمی پێکا
بێ دەنگ ، وەکو شۆڕەبی وەستاو
فرمێسك لە چاوە تامەزروکانم
خوێنیش لە کیانی ماندووم دەتکا

منیان برد بەرەو گۆڕستانی دوور
لەوێش تریفەی مانگیان دەنێژا
هەرچی مەل هەیە کەوتنە پرسە
لە سەر گۆڕەکەم ڕووا گوڵی سوور

پێکەنین ئیدی وا سەری هەڵگرت
نەگەڕایەوە ئەم شارە ڕەشە
چ ئاگرێك بوو کەوتە نێو دڵان
دوکەڵ ئاسمانی زیوینی داگرت

بەو تەورەی سەری عیشقیان بڕی
ئێستا ئەوانن ڕەشپۆش و کزن
گوڵی جوانیان خستە ژێر پێیان
پەردەی ئاواتی منیان دڕی

دەهەستە دەرچوو چی لە کۆڕ دەکەی
هەی ئەو شاعیرەی بێ سەرو شوێنی
کە لە ژیانا بێ نیشتمان بووی
لە مەرگا بۆچی داوای خاك دەکەی

هەی کڵۆڵ ؟ هەستە لەو کڵکۆ تازە
خەو بەکام بەهەشتی خواوە دەبینی
بۆچی نازانی لە قیامەتیش
وەرزەکانی تۆ بەبێ بەهارە

شەوی خوێن باری تۆ لەدایك بووی
شەوە ناوکێی دزی و لێی دا ڕوشت
شادیش لەو ساتە لای تۆ کۆچی کرد
نەتزانی بۆخۆت زەنگی مەرگت بووی !

١٩٨٢

www.arsivakurd.org

# ٢ی ڕێبەندان کۆماری کوردستان

١٩٤٦　　١٣٢٤

دووی ڕێبـــەندان جێژنی نەتەوەیی هەموگەلیکوردە.
بەم بۆنەیەوە جێژنێکی گەورە بەڕێوە دەچێ لەلایەن
ئەنجومەنی فەرهەنگی کورد لەشاری ئالمیرەوە.

بـــەرنـــامـــە:

* شـــوان‌پەروەر ویـــژەری بـــەنـــاوبـــانگی کورد.
* شـــانـــۆگـــەری "پـــرســـۆ" تیپی‌شانۆیی لەئالمیرە.
* تیپی کۆمانیشتمان ( هەڵپەرکێیڕەسەنی کوردی ).
* ســـرودی نیشتمانی "قوتابیانیقوتابخانەیکوردیئالمیرە".
* موسیقای هولەندی (تیپی تایم ئاوت).
* هـــەڵپەرکێی گشتی بـــەدەهۆڵ‌وزورناوە.
* خـــواردنی کوردی ونـــوشابـــە، بەنرخێکی هەرزان.

ئێوارەی ڕۆژی ١٩ی ژانوربە، جێژنی دووی ڕێبەندان بە سەرکەوتنەوە بە سەر چوو. شایەنی باسە لەبەر سێ هۆی گرنگ چاوەڕوان نەدەکرا جێژنەکە بەو جۆرە سەرکەووتووبێ. یەکەم: ـ هەمووی سێ ڕۆژ بوو شەڕی کەنداو دەستی پێ کردبوو. شەڕێکی خوێناوی، کە زۆربەی ئەوانەی دەبوو لە جێژنەکەدا بەشداری بکەن، بە شێوەیەك پەیوەندیان پێوە ـ هەبوو.

دووەهەم: ـ برادەریکی خۆشەویستی کوردستانی عیراق کۆچی دوایی کردبوو. کاك سالح پیداوی*، پێژمەرگەییکی کۆن کەبۆ زۆربەی کوردەکانی دانیشتوی هۆلەندە، جێگای ڕێز بوو. ڕوحێ شادبێ. زۆر کەس لە بەر سەرخۆشی بۆی نەکرابوو.

سێیەهەم: ـ کوردێکی کوردستانی تورکیە ـ زەماوەندی بوو. بەشێك لە کوردەکانی کوردستانی تورکیە لەبەر ئەوە نە هاتبوون. دەبێ بڵێین ئەو سەرو بەندە بۆ کوردەکانی دانیشتوی هولند ڕوالەتێکی هەمیشەیی کوردستانی هەبوو. خەڵکی کوردستان لە مێژووی دوورو درێژی خۆیاندا، هەمیشە شەرو شین و شایییان لێ تێکەڵ بووە خووشیان پێ گرتووە کە لە یەك کاتدا بەرەو ڕەوی هەرسێکیان بنەوە. لە کوردستان زۆر جار وا ـ هەڵکەوتووە کە لە لایەك شایی کراوە. لە لایەکی تر شەڕ درێژەی هەبووە. لە لایەك تەرم نێژراوەوە و لەلایەکی تر بوك گوێزراوەتەوە

ئەوە قانونێکی سروشتیە کەخەڵکی ـ کوردستان بە باشی لە گەڵیا ڕێك کەوتوون. ژیان ڕاناوەستی. لە گەڵ هەرسێ ئەو خالەش کە باسمان کرد، زیاتر لە (٣٠٠) کەس لە جێژنی دووی ڕێبەنداندا بەشداریان کرد. جێژنەکە بەرنامەیەکی زۆر ڕێك و پێکی هەبوو. بەشداری شوان پەروەر هونەرمەندی بەناوبانگی کورد، گەرمییەکی تایبەتی دابوو بە جێژنەکە تیپی هەڵپەرکێی "کۆمان نیشتمان" لە نواندنی فۆلکلۆری کوردی دا نەخشێکی زۆر بەر چاویان بوو.

*هەڵسوڕێنەرانی کۆڤاری ئاوارە خۆیان بە شەریکی غەمی کەسوکاری دەزانن. هیواداریـن ئاخری ناخۆشیە کانیان بێ و سەبوریان بۆ داوا دەکەین.



www.arsivakurd.org

شـــانۆگەری " پرسۆ" کە لە لایەن تیپی شانۆی سەر بەئەنجومەن ساز کرابوو، بەراستی جێگای سەرنـــج بـــوو • شانویێك کە بە ئیمکانیەتێکی کەم ، بەبەشداری تەنیا سێ هونەرمەندو منداڵێك ، پێك هاتبوو، بەراستی توانی سەرنجی بەشداران راکێشی • تیپی مـنداڵانی قوتابخانەی کوردی هێندە بە جوانی سرودی " ئەی‌رەقیب" یان پێش کەش کرد، کە سەرنجی خەبەر نیگاری رۆژنامەی " ئاڵمیرە داخ بلاد"یان راکیشا •

ئەو رۆژنامەیە وێنەی کۆری منداڵانی بلاوکردەوە و کورتەیەکی جوانی لەژێر سەر دێری " کوردە کان یادی دامەزراندی دەوڵەتی سەربەخۆیان دەکەنەوە" نوسی و بلاوکردەوە • لە خوارەوە کۆپی ئەو ووتارە بە وێنەی منداڵەکانەوە دەبینین •

**ALMERE - REGIONAAL NIEUWS** 3

# Koerden herdenken staat



FOTO: TON KASTERMANS

*• Driehonderd in Nederland levende Koerden herdachten zaterdagavond in scholengemeenschap De Meergronden dat vijftig jaar geleden de staat Koerdistan bestond. Gedurende elf maanden hadden de Koerden toen een eigen staat in het huidige Iran. Nu leven twintig miljoen Koerden verspreid over Iran, Irak, Turkije, Syrië en de Sovjet-Unie. Tijdens de feestelijke herdenking weerklonk het volkslied van de Koerden, werd een toneelstuk opgevoerd en viel Koerdische en Nederlandse muziek te beluisteren. De Koerden in Nederland zijn veelal gevlucht voor onderdrukking. In Almere wonen tachtig Koerdische vluchtelingen. Alhoewel ze al vijftig jaar strijd leveren voor een eigen staat, is dezer dagen de ongerustheid over de familie en vrienden weer toegenomen. Toch hopen de Koerden dat de Golf-crisis mogelijk ook hun aanspraak op een eigen land bespreekbaar maakt.*

www.arsivakurd.org

# گفتوگۆیەک..

ئەوەی شایەنی باسە لەرۆژی دووی ڕیبەندانـــــی ئەمسالدا لە شاری ئالمیره . ئەنجومەنی فەرهەنگی کورد لەم شارە ، ئاهەنگێکی سازکرد بۆ یاد کردنەوەی کۆماری دیمکراتی کوردستان . لـــــەم ئاهەنگەدا گەلێك کاری هونەری نیشان درا . لەو کارانە شانۆگەرییەك بوو بەناوی ( پرســـۆ ) لە لایەنتیپی هونەری کوردی لە ئالمیره پێشکەش کرا . لەم شانۆگەرییەدا چەند ئەکتەرێك بەشدار بوون . ئەو ئەکتەرەی کە سەرنجی ئێمەو بینەرانی ڕاکیشا ، منالێکی دە سالان بـــــوو کە زۆر جـــوان توانی لە دەورەکەی خۆیدا وازی ـ بکـــات. هەرچەندە لە دەورەکەیدا تەنها (حیوارێك) چیە نەی بوو ، بەلام توانی ئەوە بسەلمێنی ـ کە ئەکتەر تەنها بەجوڵەکانی و هەلسوکەوتی ســــەر شانو ، دەتوانی ئەکتەریتی خۆی بنوێنێ .

ئێمەش بەباشمان زانی ئەم گفتوگۆیە لەگەل ئـــەو ئەکتەرە چکۆلەمیەدا ساز بکەین و پێتانـــــــــی ـ بناسێنین . دەقی گفتو گۆکە دەنوسین ، بەلام تەنها لە بارەی زمانەوانییەوە دەستکاری کراوە .

ئاواره / نـــاوت چیە ؟

جەلال / من ناوم جەلالە .

ئاواره / جەلال و بەس ؟

جەلال /نەخیر جەلالی مەزنە .

ئاواره /تەمەنت چەند سالە؟

جەلال /تەمەنم ( ١٠ ) سالە .

ئاواره /چەند سالە ئاوارەیت؟

جەلال /دە سالە .

ئاواره /واتە لێرە لەدایك بویت.

جەلال /نەخێر. مەبەستم ئەوەیە هەر لەرۆژی لـــە دایك بونمەوە لەگەل هەموو خێزانە کەماندا ـ ئاوارەین .

ئاواره / ئێستاکە لە هولندە خەریکی چیت؟

جەلال /دەخوێنــم.

ئاواره /مە بەستمان ئەوەیە ژیانی ڕۆژانە چۆن دەبەیتە سەر ؟

جەلال /زۆر بەی زۆری کاتەکەم بە قوتابخانەدەبەمە سەر ، هەندێ ڕۆژیش دەچم بۆ یاری فوتبال

ئاواره / لە پۆلی چەندیت ؟

جەلال /لە پۆلی پێنج.

ئاواره/ئەوەی ئاشکرایە تۆمان دی لەسەر شانۆ لـە شانوگەری (پرسو) دا بەشدار بویت . ئایا ئەوە یەکەم جارت بوو بچیتە سەر شانۆ.؟

جەلال /نەخێر. بەڵکو چەند جارێکی تر چومەتە سەر شانۆ .

ئاواره /لە کوێ؟

جەلال / لە قوتابخانە.

ئاواره / واتە لەگەل هولەندییەکاندا ؟

جەلال / بەڵێ.

ئاواره / ئەتوانین بزانین دەوری چیت هەبوو؟

جەلال /دەوری پیاوێکی پیرم دی.

ئاواره / کەواتە ئەوە یەکەم جارت بوو لە شانوگەری کوردی بەشداربیت؟

جەلال / بەڵێ.

ئاواره / خۆت ڕازی بویت لە دەورەکەت؟

جەلال /دەتوانم بڵێم کارێکم ئەنجام داوە ، باشبو خراپیەکەی ئەو خەڵکەی دیویانە دەتوانن بڕیاربدەن .

ئاواره/ئەی ئەو هاوڕێیانەی لە گەڵتا بوون ، لێت ڕازی بوون ؟

جەلال /بەڵێ زوریان پێخوش بوو زۆر هانمەدەدەن.

ئاواره/ئەی خۆت نیازت هەیە هەر بەردەوام بیت؟

جەلال / بەڵێ .

ئاواره / حەزت بە چ جۆرە شانویەکە؟

جەلال /حەزم لەوجورە شانوییەیە خزمەت بەکوردبکات بتوانین هونەری خۆمان نیشانی هولەندی بدەین.

ئاواره / ماموستاکانت دەزانن کەتۆ کوردی ؟

جەلال / بەڵێ هەموویان دەزانن.

www.arsivakurd.org

ئاواره/ چوّن دەزانن ؟

جەلال / چونکه کەلێم دەپرسن خەڵکی ئیرانیـت یا عیراق ، من دەڵێم نەخیر کوردم و خەڵکی کـوردستـانم• وه زوّر جار که (فیرهال)دەنووسم بو ماموستا باسی کوردستان و پێشمەرگە وشەرکردنی پیشمەرگەله گەل عیراق و ئیران و تورکیە دەنووسم .

ئاواره/ واتە ماموّستاکانت و هاوریکانت ئێسـتـا وەزعی کوردستان دەزانن • ؟

جەلال / بەڵێ• نەك هەربە فیرهال بەڵکو لـه (کرینگ)دا بو هاوریکانمی باس ئەکەم و عەکسی کوردستانیان نیشان دەدەم•

ئاواره/ ئەتوانیت پێمان بڵێیت (کرینگ) و (فیرهال) مانای چی؟

جەلال / فیرهال واتە پارچە نوسینێك کرینگ واتە دانیشتن لە دەوری یەك •

ئاواره/ حەز دەکەیت بگەرێیتەوە کوردستان ؟

جەلال /بەڵێ، ئاواتەخوازم بەکەس و کارم شادبمـە وە هەرچەندە نەم دیونو ناویان نازانم•

ئاواره/ وەك دەبینین جوان کوردی قسە ناکەیت بـوّ؟

جەلال / ئەوی راستی بێت کاتێك هاتمە هولندا زوّر منال بووم کوردی باش فێرنەبووبووم • لێرەش لە قوتابخانەم دە ورو پشتم هەمووی هولەندین لە بەرئەوە هەندی جار کوردی و هولەندی تێکەڵ دەکـەم •

ئاواره /دەچیتە قوتابخانەی کوردی ؟

جەلال / بەڵـــــــــێ•

ئاواره/ بەرای تو قوتابخانە کە چوّنە؟

جەلال / پێم چاکە چونکە فێری خـوێندن و نوسینی کوردی دەبم•

ئاواره/ چەند ماموستای کوردیتان هەیە؟

جەلال / هەر یەك دانە ئەویش ماموستا (مەستانە)یە

ئاواره/ چەند قوتابین ؟

جەلال / نازانم هەمووی چەندە •

بەلام پوّلەکەی ئیمە حەوت هەشت قوتابی دەبین •

ئاواره/چیت پێ خوّشە ؟

جەلال / لەدنیا دوو شت هەیە ئازادی و ژیردەستی • منیش ئازادیم پێ خوشە .

ئاواره/ دوا قسەت چیە بیلێیت؟

جەلال / دەمەوێ کوردستان یەك کوردستان بێت نەك چوار پارچە• وەدەمەوێ‌شەرنەبێ،دەمەوێ کورد دەوڵەتی هەبێت • دەمەوێ‌خەڵك ئازاد بژی .

دەمەوێ نەوتەکەمان بوّخوّمان بێت • دەمەوێ نان و خواردن و شت زوّر بێت• دەمەوێ دەوڵەمەندبین•

دەمەوێ خەڵك درۆ نەکات .دەمەوێ یارمەتی هەژار بدرێ•

دەمەوێ قەت دزی نەبێت•

دەمەوێ ئالامان هەبێت•••••••••دەمەوێ

ئاواره/ زوّر سوپاست دەکەین •

جەلال / شایەنی نیە•



www.arsivakurd.org

# هەڵەبجە لە یاد ناکرێ

هەڵەبجە ، دڵەکوتەی ئەویندارانی ئازادی • بیرەوەری هاواری خوێن • شەهیدی شیمیایی • زامی هەمیشە کولاوە • بەڵگەی دڵرەقی دوژمنانی گەلی کورد • وێنەی جینایەتی سەوداگەرانی مەرگ • پاش چەند ڕۆژی دیکە ناسوری هەڵدەداتەوە لەگەڵ چرۆی دەمەدەمی نەورۆزدا • زامی هەڵەبجە کێم دەکا • دیسان دەچیتەوە خەوی مرۆڤایەتی نوستوو • بەرۆکی خۆی دادەدڕێ ، نسزا دەکا لە ئینسان • بەتایبەت بەناو ئینسانی پێشکەوتو • یانی من کەمتر بووم لە نەوت • کوومیت زوری شیمیایی بەرکەوت • بۆچی برینم سارێژ ناکەن ؟ • بۆ دەمکەنە بەڵگەی کاری بوونی شیمیایی؟ کەچی ڕوحمێك بەحاڵم ناکەن • .....
هیواداریین لەڕۆژی یادی هەڵەبجەدا هەموومان پێکەوە بەرەو ڕووی هاوارەکەی بچین •

بێ گومان بەم بۆنەیەوە چالاکیێك دەکرێ • ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان داوا لە هەموو کوردەکانی دانیشتوی هۆڵند دەکەین وێکرا لەو بیرەوەریەدا بەشداری بکەن •







www.arsivakurd.org

# خشتەی ووشە یەکتربڕەکان ٠٠٠



خوینه رانـــی بەریز :٠
***************

بـڕیارمـاندا لەمـەو دوا لەهەمووژمارەیەکی گۆڤارەکەمان لاپەڕەیەك تەرخان بکەین بۆ (خشتەی ووشە یەکتر ـ بڕەکان) ٠ بۆ کاتی سەرگەرمی خوێنەرانی خۆشەویست، کاتی بێ ئیشی بردنە سەر٠ لە هەمان کاتدا بـــۆ ســـوود وەرگرتن٠ وە بۆسەلماندنی توانای زمانەکەمـان وەك باقی زمانەکانی جیهان ٠ هەرچەندە ئەم خشتانە بۆ کات برنە سەرە ، بەلاّم ئێمە بەگوێرەی توا نـــا هەوڵ دەدەین کە ووشە نادیارەکان بریتی بن لە ناوی گەورەپیاوان و شاعیران و شارودێهاتی کوردستان و ئامرازو ناو و شێوەی کردارەکان ، واتای دووهەمو سێهەمی و گەلێ زانیاری بەسود ٠ وە هەروەها هەمـــــــوو خشتەیەك بە پڕکراوەیی لە ژمارەی داهاتودا بلاّو دەکەینەوە و خشتەی نوێش بۆ پڕکردنەوە ٠ جا هەر خوێنەرێ توانی خشتە کە پڕبکاتەوە پێش دەرچوونی ژمارەی داهاتوی گۆڤارەکە ، دەتوانێ بۆمانی بنێرێ و ئێمەش ژمارەی داهاتوی گۆڤارەکەمانی بە سوپاسەوە بە دیاری دەدەینێ٠

ئـاسـوبی
*****

١ـــخاوەنی یەکەمین داستانی شیعری کوردی٠
٢ـــنیوەیووشەی زاوا / دیلان یان گوڤەند (پ)
٣ـــدووبارە / یەکەسێك دەوتری لێزان بێت (پ) / یەزدان (پ)
٤ـــتازە (پ) /پاش (پ) /،لە ووشەی (چاوباز) دا بیدۆزەرەوە =
٥ـــ پوش (پ) / دووبارە
٦ـــ پێستی ئاژەڵە لەدێهات ئاوی تێدەکەن (پ) / دەرخۆنە / بەشێکە لەلەش/
٧ـــ خزمێکە (پ) / نیوەی ووشەی (جارو) /
٨ـــ خواردنەوەیەکی کحولیە/ ژنان ئاوی لی دێنن /
٩ـــ ووشەی (شاز) بەتێکەڵاوی / جۆرە کارێکی دی (پ)
١٠ـــ راناوێکە/ گومان / کینە (پ) /

ســتونی
*****

١ـــ نەینوك/ مطبك (پ) /
٢ـــ توانا (پ) / کورانی بێژێکی شۆرشگێری کورد (پ)
٣ـــ جەژنێکی کۆنی کورد /
٤ـــ لەووشەی ( ماشین ) دا **بیدۆزەرەوە /**
گورچیلە بە عەرەبی/
٥ـــ بێشکە (پ) / تەنیشت (پ) /
٦ـــ پارە/ کرداریکەیەکاردێ کاتێك خوێنی لووت بەربێ/
٧ـــ خوا / مطبك (پ) /
٨ـــ نیوەی ووشەی (خرین) /شارێکی کوردستانی عێراق
٩ـــ بەژن (پ) / چەك دارێك جەکی دژی میللەتەکەی هەڵگرتبێ/
١٠ـــ تازەڵەدایك بوو /
١١ـــ سەلاجە/ دۆست یان خۆشەویست/

تێبینـــی :ـــ

بۆ جودا کردنەوەی ووشەکان ئەم نیشانەیە دانراوە /
(پ) واتە ووشە پێچەوانە دەنوسری ، لە چەپ بۆ راست ٠
دوبارە ، واتـــە هەمان پیت دوبارە دەبێتەوە٠

ئامادەکرنی/ حـــاجی



www.arsivakurd.org

# AWARE

GOVARA VERHENGI - KOMELAJETI

JIMARE (2) ZISTANA -1991



ANJUMENA VERHENGIA KURD LE ALMERE

www.arsivakurd.org